کرێکارانی جیهان یەکگرن!
# پێشڕەو
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران)
دەورەی دووەهەم– ژمارە ۴۲۹–نیوەی ئەوەڵی جۆزەردان ۱۴۰۲ - 2023 june

# هیچ مرۆڤێک نابێت ڕووبەڕووی سزای لەسێدارەدان ببێتەوە

## سەروتار

کوشتنی وەحشیانەی مەجید کازمی، سەعیدی یەعقووبی و سالْح میرهاشمی لە دۆسیەی خانەی ئیسفەهان» بە فەرمانی ڕاستەوخۆی دەبیری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کۆماری ئیسلامی، وەک زۆرێک لە دۆسیەکانی دیکەی هاوشێوە، تاوانێکی ڕێکخراو و کوشتنێکی حکوومەتییە. لە دۆسیەی ئەم سێ لاوە بێتاوانەدا، تەنانەت داواکاری گشتی نەیتوانی سەرەڕای ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر و بێڕەحمانە، بە کوشتن تۆمەتباریان بکات یان تەنانەت باس لە بوون و دۆزینەوەی چەک لە دەستیاندا بکات. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە حکومەتی ئیسلامی، بە قەولی نەوید ئەفکاری؛ « بەدوای گەردنێکدا دەگەڕێت بۆ پەتی سێدارەکەی.» واقیعییەت ئەوەیە کە شەپۆلی لەسێدارەدان لە سەرانسەری وڵات، بە تۆمەتی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان و ئەوانەی بە تاوانی جۆراوجۆر مەحکووم کراون و هەروەها بڵاوکردنەوەی هەواڵەکەیان لە ئاستێکی بەربڵاودا و دەستگیرکردنی بەربڵاوی چالاکانی کرێکاری و مەدەنی، ئاماژەیە بۆ ئامانجێکی ئاشکرا؛. دەسەڵات دەیەوێت ئەو پەیامە بە خەڵکی ئێران بدات کە لە پێناو ڕزگارکردنی خۆی و ڕێگریکردن لە بەرەوپێشچوونی خەڵک و هەروەها ورە بەخشین بە لایەنگرەکانی، لە هیچ جینایەتێک دەست ناپارێزێت. هەر لەو پێوەندییەدا، هاوکات لەگەڵ شەپۆلی ئێعدامەکان، حکوومەتی ئیسلامی بە شێوەیەکی دڕندانە دەیان چالاکی کرێکاریی و مەدەنی لە شاری سنە دەستبەسەر کردووە و هێرشی کردووەتە سەر کۆبوونەوەی بنەماڵەکانیان و ئەزیەت و ئازاری داون.

درێژە لە لاپەڕەی ٢




## هاوئاراستە بوونی سەڵتەنەتخوازان و کۆماری ئیسلامی لەدژی خەڵکی کوردستان بەڕێکەوت نییە

## بەهێز کردنی گوتاری چەپ لە کوردستان (وتووێژ لەگەڵ هاوڕێ عادڵ ئەلیاسی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە)

## مەزهەب و ڕۆڵە سیاسییەکەی

## چۆن دەنووسی؟!



«لە پەراوێزی وتراو و نەوتراوەکاندا»




«مەسەلەی نەتەوەیی کورد» و «ناسیۆنالیزمی کورد» یەک بابەت نین

دریژه ی : (سەروتار)

# هیچ مرۆڤێک نابێت ڕووبەڕووی سزای لەسێدارەدان ببێتەوە

ئەگەر ئامانجی ڕێژیم لە شەپۆلی بەربڵاوی لەسێدارەدانی نامرۆڤانە و دەستبەسەرکردنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی بۆ ترساندنی خەڵک بێت، ڕووداوەکانی دوو ڕۆژ دوای لەسێدارەدانی ئەو سێ گەنجە بێ تاوانەی ئیسفەهان، پێچەوانەکەی نیشان دا. کچان و کوڕانی بوێر و چاونەترسی وڵات لە زۆرێک لە شارەکانی ئێران هاتنە سەر شەقامەکان و دەنگی نارەزایەتی خۆیان لە چوارچێوەی دروشمەکانیاندا بە هەموو جیهان گەیاند. خوێندکاران وەک هاوسۆزی لەگەڵبنەماڵە خەمبارەکان، بەرگی ڕەشیان پۆشی و بە مانگرتن و نووسینی دروشم توڕەیی خۆیان دەربڕی. زۆربەی سەندیکا و ڕێکخراوە مەدەنییەکان بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی نارەزایەتی، دژایەتی خۆیان لەئاست ئەم تاوانە نیشاندا. ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات بە کۆبوونەوە و خۆپیشاندان لە شارە جۆربەجۆرەکانی جیهان، هاوسۆزی خۆیان لەگەڵ لاوان و خەڵکی ئێران ڕاگەیاند.

حکوومەتی ئیسلامی بە درێژایی دەسەڵاتی خۆی، سیاسەتی لە سێدارەدان و ئەستاندنی گیانی مرۆڤەکانی وەک سزایەکی ئیسلامی بەکارهێناوە. کۆمەڵکوژی دەیەی شەست، کۆمەڵکوژی هاوینی ١٣٦٧، لەسێدارەدانی دڕندانەی بەهاییەکان، کە هەرئێستا ٤٠مینساڵیادی لەسێدارەدانی دە ژنی بەهاییە لە یەک شەودا لە مەیدانی چەوگانی شیراز، قەتڵە زنجیرەییەکان، تیرۆرە سیاسییەکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات، کۆمەڵکوژی مانگی ئابانی ١٣٩٨ و کوشتنی گەنجان لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٤٠١ و ئێعدامەکانی چەند مانگی ڕابردوو نموونەگەلێکن لە کوشتنی بە ئەنقەستی حکوومەت. جگە لەوەش، کۆماری ئیسلامی بە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی فێڵبازانە، لەگەڵ لەسێدارەدانی هەر زیندانییەکی سیاسی، چەند زیندانییەکی سزادراوی دادگا ئاساییەکان لە سێدارە دەدات، بۆ ئەوەی لە پەنای ئەو هەستە دژبەیەکانەی کە لە نێو خەڵکدا دروستی دەکات، بە ئامانجە سیاسییەکانی خۆی واتە ناچارکردنی خەڵک بە بێدەنگی و مل کەچکردن بگات.

ئەگەر خەبات لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان شتێک بێت کە پێویستە بەردەوام لە هەر بارودۆخێکدا پەیڕەو بکرێت، گرنگی ئەم خەباتە لە بارودۆخی ئێستادا کە ڕژیم بە ڕوونی لەڕێگەی وەڕێخستنی شەپۆلی لەسێدارەدانەوە، بە شوێن ئامانجێکی سیاسیی دژە خەڵکی دیاریکراوەوەیە، دوو هێندە پێویستە. ئەوەندەی پەیوەندی بە قوربانیانی دادگا ئاساییەکانەوە هەیە، پاساوی ڕێژیم بۆ گرتنەبەری ئەو کارە لە ئاستێکی بەرفراواندا ئەوەیە کە گوایە ئاستی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەباتە سەرەوە و دادپەروەری جێبەجێ دەکات، کە هەردوو ئەم پاساوانە فریبکارانە و ناڕاستن.




لە بواری ئاسایشی کۆمەڵایەتیدا، پێش هەموو شتێک ئەوە خودی کۆماری ئیسلامییە کە ئاسایشی لە ژیانی خەڵکی ئەم وڵاتە زەوتکردووە، چونکە قەبارەی کردەوەی توندوتیژی و کوشتاری وەحشیانە و بەردەوام لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامییەوە بە هیچ شێوەیەک بەراورد ناکرێ لەگەڵ ئاستی توندوتیژی و تاوانی تاکەکەسی. ڕەهەندەکانی بڵاوکردنەوەی مادەی هۆشبەر لە ڕێگەی کەناڵە مافیاکانی ژێر دەسەڵاتی سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی و دەزگای ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامییەوە، بە هیچ شێوەیەک بەراورد ناکرێت لەگەڵ بازرگانی تاکەکان. کەی ئاستی ئەو ڕادەیە لە زەوتکردنی ئاسایش لە ژیانی خەڵک کە لە لایەن ڕژیمەوە لە ڕێگەی دەستێوەردانی بەردەوام لە ژیانی تایبەتی خەڵک بە وەسیلەی بەسیج و "ئاتەش بە ئیختیارەکانی" ئەمر بە مەعرووف و نەهی لە مونکیر ڕوودەدەن، لەگەڵ ڕێژەی تاوانە تاکەکەسییەکان کە بەئەنگیزەی تایبەتی ئەنجام دەدرێن، بەراورد دەکرێت. کۆماری ئیسلامی بۆ شاردنەوەی بەرپرسیارێتی خۆی لە خوڵقاندنی ئەو ژینگە و هەلومەرجەی کە بەردەوام ئەو جۆرە تاوانانە تێیدا بەرهەم دێنەوە، قوربانیانی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییە ستەمکارەی کە بۆخۆی بەسەر ژیانی خەڵکیدا سەپاندووە، لە سێدارە دەدات. جگە لەوەش ئەزموونی هەموو کۆمەڵگاکان و ئامار و زانیارییە باوەڕپێکراوەکان ئەوە نیشان دەدات کە لە هیچ کۆمەڵگایەکدا ئاسایشی خەڵک بەم شێوەیە نەک هەر دابین نەبووە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە ئێعدام خۆی، هەستی تۆڵەکردنەوە و دەروونناسی توندوتیژی بەهێز دەکات. کاتێک کوشتن لە بەرامبەر کوشتندا لەلایەن حکوومەتەوە ڕێگەی پێدراوە، چۆن ئەوانی تر هان نادرێن بۆ بەڕێوەبردنی ئەم بەناو دادپەروەرییە بە دەستی خۆیان؟

هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان بەو مانایەیە کە ژیانی مرۆڤ خۆی لە خۆیدا بەنرخە و بە هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان ژیانی زۆر کەس دەپارێزرێت، لەکاتێکدا جێبەجێکردنی ئەم سزایە نەک هەر ڕۆڵی نییە لە کەمکردنەوەی ڕێژەی تاوان، بەڵکوو کاتێک حکومەتەکان بەشێوەیەکی یاسایی لەژێر ناوی سزای لەسێدارەدان خەڵک دەکوژن، لە ڕاستیدا بە کەمکردنەوەی بەهای پاراستنی گیانی مرۆڤەکان، ڕێگە خۆشدەکەن بۆ دووبارەبوونەوەی لە کۆمەڵگادا. ئەو پاساوانەی لەم بوارەدا بۆ سزای لەسێدارەدان بوونی هەیە لەڕاستیدا جگە لە درۆیەکی ئاشکرا هیچی تر نییە، چونکە مرۆڤ بەشێوەیەکی سروشتی تاوانبار و بکوژ و قاچاخچی و جینایەتکار لەدایک نابن، بەڵکوو لە شیکاری کۆتاییدا ئەوە هەلومەرجی ماددی ژیانی کۆمەڵایەتییە کە مرۆڤەکان بەرو تاوانکاری و جینایەت دەبات و حکومەتەکان و چینە دەسەڵاتدارەکان ڕاستەوخۆ بەرپرسیارن لە سەپاندنی ئەم هەلومەرجە ماددییە بەسەر ژیانی زۆرینەی خەڵکدا. کەواتە کەسانێک شایانی لەسێدارەدانن کە زەمینەی کۆمەڵایەتییان بۆ تاوانکاریی خۆشکردووە.

* * *

# هاوئاراستە بوونی سەڵتەنەتخوازان و کۆماری ئیسلامی لەدژی خەڵکی کوردستان بەڕێکەوت نییە

بەردەوامبوونی بزووتنەوەی نارەزایەتی لە ئێران و ئاسۆی دەستپێکردنەوەی ئەم نارەزایەتیانە بە مەبەستی ڕوخاندنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، ئەم ڕێژیمەی ناچار کردووە کە بە پەنابردنە بەر جینایەت و پیلانگێڕی، پێش بەم ئەگەرە چاوەڕوانکراوە بگرێت. ڕێژیمی ئیسلامی بە بەردەوامیدان بە گرتن و زیندانیکردن، ئەزیەت و ئازاری بنەماڵەی قوربانیانی نارەزایەتییەکانی ئەم دواییە، بەرفراوانکردن و توندتر کردنەوەی سیاسەتی سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ، چالاککردنی هێزە سەرەرۆ و ئاتەش بە ئیختیارەکانی لە کۆمەڵگادا، لەوانەش بەمەبەستی ژەهراویکردنی قوتابخانەکان و هەڕەشەی بەردەوام لەدژی لایەنە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکان، هەوڵی دروستکردنی دووبەرەکی و بڵاوکردنەوەی کەشوهەوای نائومێدی و هەروەها ترساندنی خەڵک لە درێژەدان بە نارەزایەتییەکان دەدات.

لە نێوان تۆمەت و پەلامارەکانی ڕێژیم بۆسەر حیزبەکانی کوردستان کە ئەم بابەتە شتێکی تازە نییە و هەروەها پەرەسەندنیشی بەهۆی بەردەوامبوونی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و خراپتربوونی بارودۆخی حکوومەتەوە، بەرچاوتر بووە. لە هەمان کاتدا لەم ماوەیەدا شاهیدی هێرش و تۆمەت هەڵبەستنی ناسیۆنالیزمی توندڕەوی ئێرانی (بەرەی سەڵتەنەتخوازەکان) دژ بە خەڵکی کوردستان و حیزبەکانی کوردستانین. ئەڵبەت بەهۆی سروشتی زۆر نادێموکراسیانەی ئەم ڕەوتەوە، تێڕوانینێکی لەم شێوەیەش جێگەی سەرسوڕمان نییە. ڕەزا تەقیزادە، یەکێک لە ستایشکەرانی بنەماڵەی پەهلەوی، لە بەشێک لە یاداشتێکدا بە ناوی "هەڵسەنگاندنی ستراتیژی ئیسرائیل و پرسی بانگهێشتکردنی شازادە" لە بەرواری ۲۸ی خاکەلێوەی ١٤٠٢دا نووسیویەتی: "تا ئێستا یەکێک لە ستراتێژییەکانی ئیسرائیل بۆ لاوازکردنی حکوومەتی ئایینی تاران، بریتی بووە لە سەرقاڵکردنی بە چڕکردنەوەی گرژییە ئەمنییەکان لە ناوچە سنوورییەکان و بەتایبەتیش پشتیوانیکردنی بە ئاشکرا و نهێنی لە مەیلی جوداخوازیی نەتەوەیی لە کوردستان"، ئەوەی شایانی سەرنجە لە پێوەندی لەگەڵ ئەم جۆرە لێدوانانەدا، نەک ئەو کەسەی کە ئەو لێدوانەکەی داوە، بەڵکوو هاوکاتی و لێکچوونی ئەو تۆمەتانەیە کە بە بەردەوامی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە دووبارە دەکرێنەوە.

هەڵبەت بە کەمێک وردبینییەوە تێدەگەین کە ئەم لێکچوون و هاوکات تۆمەت هەڵبەستنانە لە دژی خەڵکی کوردستان بەڕێکەوت نییە. هەردوولا سەرەڕای جیاوازییەکانیان، بەر لە هەرشتێک نیگەرانی بەردەوامبوونی بزووتنەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا لە ئێرانن. ئەوان دەزانن کە ئەم بزووتنەوەیە لەدرێژەی خۆیدا و بە پەرەسەندنی نارەزایەتیەکان ڕۆژ بەڕۆژ بەهێزتر دەبێت و هێزی خۆی هەلومەرجێک دەخولقێنێت کە تێیدا نەک تەنها هیچ جێگایەک بۆ سەڵتەنەتخوازەکان نییە " بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکەیان وەربگرنەوە"، بەڵکوو کۆماری ئیسلامیش هەنگاوێک لە دارمان نزیکتر دەبێتەوە. بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئاسۆیەکی وادایە کە هەردوولا لە هاوکات هەوڵدەدەن بە کردەوەی هاوشێوە، لەناو ڕیزەکانی ئەم بزووتنەوەیەدا بێهیوایی و دووبەرەکی پەرەپێبدەن. لەم پێوەندییەدا بەلەرچاوگرتنی ئەو بارودۆخەی خەڵکی کوردستان کە لە ئەنجامی خەبات و خۆڕاگریی لە دژی سەرکوتگەرییەکانی سەردەمی پەهلەویی و پاشانیش سەردەمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەدەستهاتووە، دژایەتیکردن و بەرەوڕووبوونەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا لە مێشک و تێڕوانینی لایەنگرانی سەرەڕۆیی و سەڵتەنەتخوازەکاندا، گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

لەهەردوولاوە هەوڵدەدەن بەتۆمەتی "جیاخوازی" و گەڕاندنەوەی خەباتەکەیان بۆ لایەنی دەرەکی و لەوانەش ئیسرائیل و... ناسیۆنالیزمی ئێرانی لەدژی خەڵکی کوردستان هانبدەن و لەم ڕێگایەوە بە دروستکردنی ناکۆکی و دووبەرەکی نانەوە لەناو ڕیزەکانی کۆمەڵانی خەڵکی شۆڕشگێڕ و ناڕازی، ڕێگە بۆ سیاسەتی سەرکوتکردن لەژێر ناوی " تێکۆشان لەدژی "جوداخوازی"، خۆش بکەن. ئەوەی کە پرسی "پاراستنی یەکپارچەیی خاک" بووەتە هێڵی سووری هەردوو ڕەوتی سەرەڕۆیی ئایینی و تۆتالیتاریزمی سەڵتەنەتی، بێهۆ نییە. سیاسەتێک کە بەداخەوە لە کوردستان کەسانێکی خۆشباوەڕ بەوەی کە پرسی "یەکپارچەیی خاک" لە شکڵدا گۆڕدراوە بۆ "پاراستنی یەکپارچەیی وڵاتی ئێران"ی تووشی ئەو وەسوەسەیە کردووە کە لە پێناو بەرژەوەندی گرووپی و تاکەکەسیدا بەم سیاسەتە نادێموکراتیکە ببنە هاودەستی سەڵتەنەتخوازەکان.



هاودەستییەک کە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە ڕەتکراوەتەوە. چونکە تێڕوانینێکی لەو شێوەیە بە بیانووی "دیالۆگ" و "گەیاندنی دەنگی خەڵکی کوردستان" ڕێک بە پێچەوانەی خەباتی لانیکەم ٤٠ ساڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە لەپێناو لابردنی ستەمی نەتەوایەتی و بەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسدا.بۆ زیاتر نیشاندانی ڕوخساری نادێموکراتیکی ڕەوتی تۆتالیتار، جێی خۆیەتی ئاماژە بکەین بە بەشێکی کورت لە چاوپێکەوتنی ستایشکەرێکی دیکەی سەڵتەنەت لەگەڵ دەنگی ئەمریکا.

ئەمیر حسێن گەنج بەخش، کۆماریخوازێکی ناسیۆنالیست، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ دەنگی ئەمریکا لە ۲۱ی ڕێبەندانی ١٤٠١، بەرامبەر لەگەڵ ١٠ی فێڤرییەی ٢٠٢٣، وتی: " من لەبەر ئەوە دەڵێم ڕۆحت شاد بێت محەممەد ڕەزا شا، چونکە ڕەوتی جوداخوازیی لە کوردستان و ئازەربایجان سەرکوت کرد".لە کۆتاییدا دەڵێت "کۆماری کوردستان خیانەت بوو". لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت: "پارتە جوداخوازەکانی کورد کە بەدرێژایی مێژوو، جوداخواز بوون، نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان ناکەن" و... لە ڕاستیدا جگە لە ڕستەی یەکەم، ئەوانەی دیکەمان گەلێک جار لە زمانی فەرماندەکانی سوپای پاسدارانەوە بیستووە.ئەم هاودەستییە بەواتای ئەو ڕاستییە کە بیرکردنەوە و ئایدۆلۆژیای سەرەڕۆیی ئایینی و ناسیۆنالیسزمی باڵادەستخواز، ناتوانن خۆیان لەگەڵ تایبەتمەندییە دێموکراتیک و ئامانجە دێموکراتیکەکانی خەباتی خەڵکی کوردستان و نەتەوەکانی دیکە بۆ دەستەبەرکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی بگونجێنن. سەرەڕۆیی ڕژیمی ئیسلامی و تۆتالیتاریزمی سەڵتەنەتخواز، دژ بە ئامانجە دیموکراتیکەکانی خەباتی خەڵکی کوردستان و بەدیهێنانی مافی نەتەوەکانی دیکەیە، ئەم دوو ڕەوتە لە سەردەمی دەسەڵاتدارییاندا، سیاسەتی سەرکوت و هەڵاواردن و ستەم لە دژی خەڵکی کوردستان و نەتەوەکانی دیکەی نیشتەجێی ئێران، بەشێکی دانەبڕاوی دەسەڵاتەکەیان بووە و هەیە، هەردووکیان بەردەوام لە دابینبوونی دێموکراسی و دەستەبەربوونی خواستی نەتەوە ستەملێکراوەکان و گەیشتن بە مافەکانیان ترساون و ئێستاش دەترسن. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە لە کاتێکدا سەڵتەنەتخوازەکان خەڵکی کوردستان و گەلانی دیکەی دانیشتووی ئێران بە جوداخواز و وابەستە بە بێگانە تۆمەتبار دەکەن کە ڕەزا شاکەیان لەلایەن زلهێزە دەرەکییەکانەوە بە دەسەڵات گەیشت و هەر بە فەرمانی ئەوانیش دوورخرایەوە.

بێگومان ئەو ئاغایانە ئەو ڕستە بەناوبانگەی وینستۆن چێرچیلیان لەبیر نەکردووە کە دوای دوورخستنەوەی ڕەزا شا وتبووی: " ئێمە خۆمان هێنامان و هەر بۆخۆشمان بردمانەوە". وە سەرەنجام هەر تەسلیمی ئەو هێزە درەکییەش بوو. محەممەد ڕەزا شاکەشیان هەروەها لە ڕێگەی کودەتاکەی ۲۸ی ئابەوە لەلایەن زلهێزە دەرەکییەکانەوە هێنرا و بەسەر خەڵکی ئێراندا سەپێنرا و دوای ئەوەی چیتر کەڵکی نەما بۆیان، بە فەرمانی بێگانەکان ناچار بوو ئێران بەجێبهێڵێت. ئێستاش ڕەزا پەهلەوی و هاوبیرەکانی بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر دەسەڵات و "وەرگرتنەوەی توانایەکانی خۆیان" چاویان بڕیوەتە لوتفی ئیسرائیل و وڵاتانی ڕۆژئاوا و بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش پشت ئەستوورن بە یارمەتی دارایی لایەنە دەرەکییەکان.

بەم کارنامەیەوە، ئەمڕۆ لە دژایەتیکردن لەگەڵ ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بۆ بەدیهێنانی خواستەکانیان، خەڵکی کوردستان وەک جوداخواز و وابەستە بە بێگانە، پێناسە دەکەن!! بێگومان ئەم ئەکتە بێشەرمانەیە جێگای سەرسوڕمان نییە و نیشانەی سروشتی نادێموکراتیکی ئەوانە کە جگە لە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی دووبەرەکی لەناو ڕیزەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا، هیچ ئامانجێکی دیکەیان نییە.

سەرەڕای ئەم ڕیزبەندی و هاوڕاییەش، ڕەوتی تێپەڕبوون لە کوالێتی کۆنەوە بۆ کوالێتییەکی نوێ لە ئێران هەروا بەردەوامە. خەڵکی کوردستان، وەک چۆن لەدرێژەی خەباتەکانیاندا لە دژی شێخ و شا، چەندین جار نیشانیانداوە، لەگەڵ خەڵکی ئێران هاوڕێ و هاوهەنگاون بۆ ڕێکخستنی کوالێتییەکی نوێ لە کۆمەڵگاکەیاندا، کە تیایدا هیچ بوارێک بۆ زەوتکردنی مافی مرۆڤەکان بوونی نەمێنێت. کۆمەڵگایەکی کە لەگەڵ هەرچەشنە سیستەمێکی تاک سەنتەر ( چە وەلایەتی بێت یان سەڵتەنەتی ) و هەمیشەییدا ناکۆکی و دژایەتییەکی لە ئاشتی نەهاتووی دەبێت.

***

# بەهێز کردنی گوتاری چەپ لە کوردستان

## وتووێژی پێشرەۆ لە گەڵ هاوڕێ عادڵ ئەلیاسی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

**پێشرەۆ:** کاک عادڵ جەنابت یەکێک لەو کەسایەتیە سەرەکیانە بووی کە لە پرۆسەی تەدارەکی سمیناری بە هێزکردنی گوتاری چەپ لە کوردستان بە شدار بووی، چاوڕوانی کۆمەڵەو ئەو کەسایەتیە چەپ و سەربەخۆیانەی بەشدار بوون لە سەرەتاوە چی بوو و، پێتان وایە چەندە پێشەوە چوونی تەبا بووە لە گەڵ چاوەڕوانیەکان؟

**وەلام :** هەروەک ئاگادارن ماوەیەکی زۆرە ئێمە وەک کۆمەڵە هەوڵمان داوە چەشنێک لە هاوکاری و یەکگرتوویی لە نێوان هێز و کەسایەتییە چەپ و سۆسیالیستەکانی کوردستان پێک بێنین تا لەم ڕێگاشەوە گوتاری چەپ بەهێز بکەین. ئەم هەوڵانە لە ڕێگای دیالۆگ و ڕاوێژ، کۆبوونەوەی و ڕادەربڕین لە شێوازی جیاوازدا لە ئارادا بوون. یەکێک لەم شێوازانە بەڕێوە بردنی دوو کۆنفرانس بووە کە بە بەشداری کۆمەڵێکی بەرچاو لە هەڵسوڕاوان و تێکۆشەرانی بزووتنەوەی چەپی کوردستان بەرێوە چوون. تا ئەو شوێنەی بە کۆمەڵە دەگەڕێتەوە چاوەڕوانییەکانی ئێمە لەم هەوڵانە ئەوەیە کە کەسانی چەپ و سۆسیالیست، چ ئەوانەی ئێستا کاری ڕێکخراوەیی دەکەن و چ ئەوانەی کە وەک تاک چالاکن، لە ژێر پلاتفۆرمێکی دیاریکراو کۆ ببنەوە و هەوڵی هاوبەش بخەنە گەڕ بۆ پتەو کردنی گوتاری چەپ لە پێناو خزمەتکردن بە داخوازییە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان. ئێمە لەو باوەڕەداین کە هاوڕایی و هاوفکری لە نێوان چەپ و سۆسیالیستەکانی کوردستان دا لە ئاستێکدا هەیە کە بتوانن لە ژێر چەترێکی هاوکاریدا کۆببنەوە. هەر بۆیە بوار عەمەلی و فکری گەلێک هەمورارە بۆ ئەوەی کە بتوانین چەشنێک لە کاری هاوبەش ڕێک بخەین و بە مەفروز گرتنی جیاوازییەکان، بەڵام لە سەر ئەساسی خاڵە هاوبەشەکان، گوتاری چەپ لە کوردستان بە هێز بکەین.

**پێشرەۆ:** سمیناری یەکەم و دووهەم بە چ دەرئەنجامێک گەیشتووە و لە داهاتوودا چ نەقشە عەمەلیک بۆ بە کردەوە دەرهێنانی ئەو پلانانەی هاتوەتە ئاراوە هەیە؟

**وەلام :** سمیناری یەکەم زۆرتر بۆ ڕاوێژ و گفتوگۆ بوو. لەو کۆنفرانسەدا هەوڵ درا هەلەکان و ئاستەنگەکانی هاوکاری بەرینی چەپەکان و سۆسیالیستەکان بخەینە بەر باس و زەمینەی قۆناغی دوایی هەموار بکەین. هەر بۆیە لەو کۆنفرانسەدا بڕیارمان دا کە ئامادەسازی بکەین بۆ کۆنفرانسی دووهەم تا لەوێ هەندێک کاری دیاریکراوتر ڕاپەڕێنین. بە خۆشحاڵییەوە لە کۆنفرانسی دووهەم دا، وێڕای گەلێک باسی بەنرخ، کۆمۆسیۆنێکمان دیاری کرد تا ڕەشنویسی پلاتفۆرمێکی هاوکاری تەهییە بکات و لە کۆنفرانسی داهاتوودا پێشکەشی بەشداربووانی بکات.

**پێشرەۆ:** ئێوە وەکوو خۆتان و، وەکوو کۆمەڵە پێتان وایە کە چ میکانیزمێک دەتوانێ خزمەت بکات بە بەهێز کردنی ئەم گوتارە؟

**وەلام :** لە گشتییەتی خۆیدا دەتوانم بڵێم کە میکانیزمی کارا بریتتیە لە پێکهێنانی چەشنێک لە چەتری هاوکاریی کە بتوانێت جیاوازییەکانی خەباتکارانی چەپ لە نێو خۆی دا قبوڵ بکات و لە سەر بنەمای ئیشتراکات هێزو توانای هەموان بخاتە گەڕ. بە واتایەکی تر میکانیزمێک کە بوونی جیاوازی وەک هەلێک ببینێت بۆ گەشەسەندن، نەک وەک مەترسی. هاوکاتیش هەوڵ بدات خاڵە هاوبەشەکان بکاتە بنەمای کاری هاوبەشی کرداری. کاری کرداری هاوبەش بە نۆبەی خۆی بە واتای خزمەتە بە داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کە سەلمێندراوە خاوەنی ناوەرۆکێکی چەپ و پێشکەوتوخوازانەن. شۆڕشی «ژینا» نیشانی دا کە تا چ ڕادەیەک داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان خاوەنی ناوەرۆکێکی چەپ و پێشکەوتووخوازانەن و تا چ ڕادەیەک گوتاری چەپ لە پێگەیەکی پتەوی کۆمەڵایەتی بەهرەمەندە. هەر بۆیە ئەو میکانیزمەی کە هەوڵی بۆ دەدەین پێویستە هەم لە شکڵ و هەم لە ناوەرۆکدا هاوتەبا بێت لە گەڵ ماهیەتی پێشکەوتوخوازانەی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان کە لە شۆڕشی ژینادا نموویەی زۆرمان لێ دیت.

**پێشرەۆ:** تا چەن بە گەشەو سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە هیوادارن ؟

**وەلام :** من زۆر خۆشبینم بەم هەوڵانە. دیارە ئاستەنگەکانیش دەبینم و لێیان غافڵ نیم. خۆشبینم چونکە جدییەت دەبین لە هەوڵەکاندا و بەرپرسایەتی لە بەرابەر خەباتی کۆمەڵاتی خەڵکی کوردستان و بوونی چەپێکی یەکگرتوو هەست پێ دەکەم. هاوکات پێویستی بە فەرهەنگێکی تازەی سیاسی لە نێو بزووتنەوەی چەپ و هەڵسوڕاوانی دا دەبینیم کە بتوانێت لە سەر بنەمای ئیشتراکات لە یەک نزیک بێتەوە، نەک لەسەر جیاوازییەکان لە یەک دوور بکەوێتەوە. فەرهەنگێکی سیاسی کە فرەفکری لە نێو بزووتنەوەی چەپدا بە مەترسی نەزانێت، بەڵکوو وەک دەوڵەمەندی ئەو بزووتنەوە مامەڵەی لەگەڵ بکات و بۆ گەشە سەندن و خۆنوێکردنەوەی بەردوام کەڵکی لێ وەربگرێت.

**پێشرەۆ:** لە کۆتاییدا بانگەوازتان بۆ کەسانی سەربەخۆ لە لایەک و لەلایەکی ترەوە چالاکانی کۆمەڵە لە کوردستان چیە، بۆ ئەوەی لە شوێنی خۆیانەوە بتوانن بە سەرکەوتنی ئەم ڕەوەندە کۆمەک بکەن؟

**وەلام:** ئەم هەوڵانەی کە ئێستا لە ئارادایە بۆ ئەوەیە کە چەپەکان و سۆسیالیتەکانی کوردستان بتوانن لە ئاستێکی بەرین دا یەک بگرن و پێگەی کۆمەڵایەتی گوتاری چەپ بەهێز بکەن. ئاوا پرۆژەیەک پێویستی بە چالاکوانان و هەڵسوڕاوانی زیاتر هەیە کە لێبڕاوانە کاری بۆ بکەن تا ئەم ڕەوتە بگوێزرێتەوە بۆ ناخی کۆمەڵگا. هیوادارم ئەو هەست بە بەرپرسایەتییەی کە پێشتر ناوم لێ برد، ببێتە هۆی ئەوەی کە کەسانێکی زۆرتر بەم ڕەوتە پەیوەست بن. پەیوەندی گرتن لە گەڵ یەک، ڕاوێژ و گفت و گۆ کردن لە کۆڕ و کۆمەڵی جیاواز دا و دەستنیشان کردنی هەلەکانی سەرکەوتنی ئەم ڕەوتە و ئاستەنگەکانی دەتوانێت ببێتە ئەرکی هەر هەڵسوڕاوێکی چەپ و سۆسیالیست. بەو هیوایەی لە داهاتوویەکی نزیکدا بتوانین لە دەوری پلاتفۆرمێکی دیاریکراو کۆببینەوە و لەم ڕێگایەوە پێگەی کۆمەڵایەتی گوتاری چەپ، لە پێناو خزمەتکردنی بە داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان، بە هێز بکەین.



***


# مەزهـــەب و ڕۆڵە سیاســـییەکەی

مەزهەب لە کۆمەڵگای چینایەتی ئەمرۆدا، لە هەمانحاڵدا کە بیروباوەڕی جەماوەرێکی بەرینی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش پێک دێنێت، ئامرازێکیشە لەدەست سەرمایەداران و دەوڵەتەکاندا تا لە ڕێگای ئەوەوە خەڵک لە خەبات بۆ گۆڕینی بارودۆخی ژیانیان، هەر لەم دونیایەدا سارد بکەنەوە. مەزهەب نە تەنیا لە دەورەی نیزامی سەرمایەداریدا بەڵکوو بەدرێژایی مێژوو، دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی بێهیوایی و بێتوانایی جەماوەری خەڵک بووە بۆ دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ کۆسپەکانی سەرێی ژیانیان.

ئەو مرۆڤانەی گیرۆدەی منساباتی زاڵمانەی نیزامی سەرمایەدارین و بە تەنیایی توانایيان نییە تا بارودۆخی ژیانی خۆیان بگوڕن و لە بەرانبەر ڕەنج و ئازارێکدا کە خۆیان و بنەماڵەکانیان گیرۆدەی بوون، کارێکیان لە دەست نایەت، کاتێک کە خۆیان بە بێدەسەڵات و لاواز دەبینن، بە ناچاریی ڕوودەکەنە ئاسمان، بەو هیوایەی کە هێزێکی بە تواناتر بێت و ڕزگاریان بکات. کاتێک کە لە دنیای ڕاستەقینەدا هیچ هیوایەک بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی نامینێتەوە، هیوا دەخوازێ تا بۆ دەست ڕاگەیشتن بە ئاواتەکانی، دوای مردنی سەرلەنوێ زیندوو بێتەوە. بەمجۆرە بە ئاواتی گەیشن بە خۆبژێوی و بەختەوەری لە دونیای خەیاڵی دوای مردندا، ڕەنج و ئازارەکانی دونیای ڕاستەقینە تەحەمول دەکات.

دەوڵەتانی نەیاری سەرمایەداری لە گۆشە و کەناری دونیا بەپێی پێگەیەکی کە هەیانە، بەپێی ئاستی خەباتی چینی کرێکار و بەرەوپێشچوونە کۆمەڵایەتییەکان، لە سێ ڕێگاوە حاکمییەتی خۆیان سەقامگیر دەکەن و درێژەی پێ ئەدەن. یەکەم، لە ڕێگای سەرکوت و پێشێلکردنی وەحشیانەی ئازادی و مافەکانی خەڵک کە لە وڵاتێکی وەک ئێراندا لەگەڵ ئاست و چۆنایەتییەکەی ئاشناین. دووهەم، بە یاسایی کردنی سەرکوت، کە سەرجەم ئەو یاسایانە لەخۆ دەگرێت کە لە پاڕلمانە بۆرژواییەکانەوە بۆ دیفاع لە مالیکییەتی تایبەتی سەرمایەداری و دژبە مافەکانی کرێکاران پەسند دەکرێن و لە نیزامێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا، هەموان، خۆیان بە ناچار دەبینن پەیڕەوی لێبکەن و سێهەم، بە یارمەتی دەروونی سەرکوت، واتە ئینسانەکان دخەنە پێگەیەکەوە کە هەژاری و بێ مافی خۆیان بە تاقیکردنەوەی ئیلاهی بزانن و بەو هیوایەی بگەن بە بەهەشتی هەمیشەیی، بە بارودۆخی فەلاکەتباری ژیانیان ڕازی دەبن. مەزهەب سەرکوتێکی مەعنەویە کە بەسەرشانی کۆمەڵانی خەڵکەوە قورسایی دەکات. مەزهەب بە وانەی کە سەرتاسەری تەمەنیان زەحمەت دەکێشن و بە هەژاری دەژین، دەڵێت کە تا کاتێک لەسەر زەوین، تەسلیم بن و لێبوردوانە بەهیوای پاداشەکانی بەهەشت ئارام بگرن. مەزهەب جۆرێک مەوادی هۆشبەری مەعنەوییە کە تێیدا کۆیلەکانی سەرمایەداری هەوڵەکانیان لەپێناو ژیانێکی شایستەی ئینساندا دەنێنە لاوە.

ڕزگار بوونی ئینسانێکی کرێکار و زەحمەتکێش لە چنگ ئەم وەهم و گومان و خوڕافەیە، ئەگەر بە ڕۆشنگەری و لێکدانەوەی زانستی بابەتی جیهانی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا ئیمکان پەزیر بێت، بەڵام ئەم ڕزگار بوونە لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا تەنیا کاتێک ئیمکانی هەیە کە بارودۆخی ژیانی ئینسانەکان بگۆڕدرێت و ئەو هێزە سروشتی و کۆمەڵایەتیانەی کە ئینسان لە ترسیان پەنا دەباتە بەر گومان و خوڕافە و مەزهەب هاتبێتە ژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشڕەو و ڕزگاری بەخشی کۆمەڵ، کۆمۆنیستەکان و چینی کرێکاری وشیار و چاوکراوە. بە



شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار کە بێگومان شۆڕشێکی وشیارانەیە، ڕێگای ڕزگاری لە زیندانێک کە توانایيە ئاڵوگۆڕ بەخشەکانی ئینسان تێیدا دیل کراوە، خۆش دەبێت.

بەڵام ۳ کۆڵەکەی ئەساسی هەن کە لە خزمەت بە درێژەی سوڵتە و کاریگەری مەزهەب بەسەر بیر و ڕای هەژاران و بێبەشانی کۆمەڵدان. یەکەم، بەهرەمەند بوونییەتی لە ئیمکاناتی دارایی و تەبلیغاتی کە دەوڵەتەکان دەنێتە ئیختیار موبەلغین و بۆنگا مەزهەبیەکانەوە. دووهەم، دەخاڵەتدانی یاسا شەرعییەکان و بیر و باوەڕە مەزهەبییەکان لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت و سێهەم، بارهێنانی مەزهەبی لە قوتابخانەکاندا.

جیایی دین لە دەوڵەت یانی هەڵوەشاندنەوەی هەموو جۆرە ئیمتیازێک و هەڵاواردنێک لە کارە دەوڵەتییەکان و مافی کەسەکاندا لەسەر بنەمای مەزهەب و پلە و پایەی مەزهەبی ئەوان و یان باوەر پێ بوون و یان پێنەبوونیان بە مەزهەب؛ واتە هەڵوەشاندنەوەی دانی یارمەتی دارایی و هیتری دەوڵەتی بە قوتابخانە و ناوەند و دامەزراوە ئاموزشییە دەوڵەتییەکان؛ یانی هیچکام لە مەزهەبەکان وەک مەزهەبی ڕەسمی بە ڕەسمییەت ناناسرێت. مەزهەب وەک ئەمری تایبەتی کەسەکان چاولێدەکرێت و سەرجەم کەسەکان لە ئیختیار کردن و هەڵبژاردنی هەر مەزهەبێک و یان بێ باوەڕبوون بە مەزهەب ئازادن.

داخوازیی جیایی مەزهەب لە دەوڵەت، دروشمێکە کە وێرای نیشاندانی دژایەتی ئێمە لەگەڵ مەزهەب وەک ئەمرێکی دەوڵەتی، پابەندی ئێمەش بە ئەسڵی ئازادی بێ شەرت و مەرجی عەقیدە و بیروباوەڕ، نیشان ئەدات. واتە لەسەر ئەو ئەسڵە جەخت دەکاتەوە کە دەسەڵاتی سیاسی و حکوومەتی سۆسیالیستی سبەی ڕۆژ، بەتووندی لەگەڵ زۆر و گوشار و پشکنینی بیروباوەڕ و دروست کردنی هەڵاواردن و بەرتەسککردنەوەی یاسایی دژبە کەسانی مەزهەبی، دژایەتی دەکات و بۆ ڕەخنە و وەلانانی بیروباوەڕە مەزهەبییەکان لە کۆمەڵدا، هیچ شێوازێک بێجگە لە خەباتی نەزەری، ڕۆشنگەری و ئامووزشی و قەناعەت پێ هێنان، بە ڕەوا نازانێت.

ئێمە مەزهەب، جیا لەوەی کە سەربەخۆ لەدەوڵەت بێت یان نەبێت، بە ئەفیوونی جەماوەر و ئامرازێکی سڕکردنی ئەوان دەزانین و ئەگەر خوازیاری جیایی دین لە دەوڵەت دەبین، ڕاست بەم هۆکارەیە کە دەمانەوێ سەرجەم شێواز و ڕێگا ڕەسمییە یاساییە باوە دەوڵەتییەکانی ئەم ئەفیوونە لە کۆمەڵگەدا بە تەواوەتی هەڵوەشێتەوە.

ئێمە لە خەبات دژی مەزهەبدا هیچکات بە بیروباوەڕی خەڵک سوکایەتی ناکەین، کارمان ڕۆشنگەری و ڕوونکردنەوەیەی بە ئارامی و لەسەرەخۆی ڕاستییەکانە و ڕوونکردنەوەی بەڵگەمەندی دنیابینی کۆمۆنیستی لە بەرانبەر دیاردەی مەزهەبدا. خەبات و تێکۆشانی ئێمە دژ بە مەزهەب نە تەنیا نابێ ڕیزی یەکگرتوی خەباتکارانی چینی کرێکار دژ بە سەرمایەداران لاواز بکات بەڵکوو دەبێ ئەم ڕیزە پتەو تریش بکات.

***

# چۆن دەنووسی؟!
## ن: عەزیز نەسین
## سەرچاوە:( ئارشیوی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران)

زۆرجار خوێنەرانی بەئەمەکم پرسیویانە. چۆن دەنووسم؛ ئەوەی ڕاستی بێت نەمتوانیوە وەڵامێکی بەجێیانبدەمەوە. چونکا هەرنازانم چییان لەمن دەوێ وئەمن دەبێ پەردە لەسەر چ شتێکی شارەوە هەڵدەمەوە...تێناگەم دیانەوێ سەر لەچی دەربێنن وئەمە دەتوانێ چ قازانجێکی بۆ ئەوان تێدابێ؛؛ تازە ئەویش لەحاڵێکدا کەهیچ ڕەمزو ڕازێك لەکارمدا شك نابەم. ڕەنگە مەبەستیان ئەوەبێ. کەی وچۆن چۆنی دەست بەنووسین دەکەم؟؛تۆ بڵێی چاوەڕوانی ئەوەبێت کە قسەی سەیرو سەمەرم لێ ببیسن؟؛ نا، لەخۆڕا شوێن کڵاوی لار مەکەون. هیچ شتێکی سەیرو سەرسوڕهێنەر و ناسروشتی لەکارمدا نییە.

ئەمن وەك ئەو نووسەرە ناسراو وسەربەدەروانە نیم کەحەز دەکەن بەکەشم ونەشمی جۆراوجۆر هەستی بەدوادا گەڕانی خوێنەرەکانیان بجوڵێنن... یەکێك لەوانە لەبیرەوەریەکانیدا نووسیویەتی: ((کاتی نوسین دەرگاو پەنجەرەکان بەجوانی گاڵەدەدەم. کەللەسەری مردوویەك لەسەر مێزەکەم دادەنیم بێ دەنگییەکی بەسام ومەرگهێنەر باڵ بەسەر ژوورەکەمدا دەکێشێ))نوسەرێکی دیکە خووی پێگرتووە بەرلەنووسین گوێ بداتە سێ ئاهەنگ لەکارەکانی باخ...بیتهۆوین و ویرامس یاخود دەبێ گەرمای هۆدەکەی شانزدە پلەی مۆك بێت. هەربەم بۆنەوە لەهاوینانداناتوانێ باسێکی جیدی بنوسێ. کەسێکی دیکە دەناسم کەقاپێك ویسکی تۆخ و دەورییەك نۆکەشاری لەبەر دەمی خۆیدا دادەنێ. تاهەر کات بگاتە جێگایەکی ناسك وهەست بزوێن کەمێك ویسکی پێدا بکات و بەمجۆرە گەڕەکیە هزروبیری بەلای دیکەدا نەچێ؛ لەهەمو خۆشترو سەیرتر نووسەرێکی فەڕانسەوییە کەتەنیا لەحەمامدا شتی بۆ دەنوسرێ؛ هەواڵێکم هەیە کەدەچێتە کاروانسەرایەکی دەوروبەری شارو لەوێ شێعران دەهۆنێتەوە.

بەڵام من ئەم کردارانەم بەدڵ نییەو تەنانەت هەر کاتی ئەوەشم نییە خۆم بەشتی واوە خەریك بکەم. بۆ نووسین و دارشتنی بەرهەمەکانم پێویستیم بەوەنییەکە زۆری لەخۆم بکەم؛ هەست وبیروفکریشم بەتەنیا لەدەوری تاقە شتێکدا ناگەڕێ و زۆریش وردبین نیم و هێندەی لەسەر ناچم. هەر لەم گەڕانی ئاسایی وهاتوچۆی ناو کۆمەڵگەدا، ئەوەی پێم باش بێ دەیکەمە هەوێنی کارەکەم... نازانم ئێوە چۆن هەست بەوە ناکەن...لەبازاڕی ئەستامبوڵ، لەشەقامەکان، قومارخانەکان، مەیخانەو گازینۆی شەوانە سوژەو بابەتی زۆر باش وسەرنجڕاکێش زۆرو زەبەند وەك مارومێروو ڕێچکەیان بەستووە. نووسەر بەم هەموو کەرەسە سەرنجڕاکێشانەوە پێویستی بەوە نییە دیمەنی دەستکرد ساز بکا ولەم ڕێگایەوە گەرەکی بێ بەرهەمی تاقانەو نوێ بخوڵقێنێ. پاش ئەوەی یەکێك لەم بابەتانە سەرنجی ڕاکێشام. ئەگەر لەهاویندا بێ دەچمە ژێر پردی ئەستانبوڵ ولەڕۆخێك،هەر لەوجێگایەی کەپاپۆڕەکان ڕیزیان بەستووە. دادەنیشم ولەناو دەفتەرەکەمدا دەینووسمەوە. ئەگەر زستانیش بێ دەچمە قاوەخانەیەك، داوای قاوەیەك دەکەم ولەوێش دەیهێنمە سەر کاغز، پاشانیش شەوی هەمان ڕۆژ لەحاڵێکدا کەهاوسەرەکەم خەریکی هاتوچۆ وکاری ناوماڵەو مناڵەکانیشم لەناوەڕاستی ژوورەکەدا خەریکی کایەن ورادوێش بەدەنگی بەرز بەرنامە بڵاو دەکاتەوە، چیرۆکەکەم دادەڕێژم. زۆرجاران کەخەرقی نووسینەوەم دەرکەی ماڵ لێدەدرێ، لەبەر ئەوەی کەسێك نییە بیکاتەوە، خۆم دەچم درگاکە دەکەمەوە. زۆرجار لەجەرگەی نووسیندا ناچارم وەڵامی شاگرد ووردەواڵە فرۆش، قەساب وئاوفرۆش و ڕۆژنامەفرۆشیش بدەمەوە. لەمانە خرابتر ئەو کاتانەیە کەژومارەیەك نەناسیاو دێنە دیتنم؛ هەندێکیان داخوازی سەیرو سەمەرەیان هەیە...داوای یارمەتیم لێ دەکەن و تکایان ئەوەیە دەردە دڵەکانیان لەڕۆژنامەکاندا بڵاوبکەمەوە، یان کاریان بۆ پەیدا بکەم.

هەندێکی دیکەشیان کەنووسەری تازە پێداکەوتون چیرۆکەکانیان دەهێنن تالە شوێنێکدا بۆیان بڵاو بکەمەوە؛ زۆرجاریش ژن ومناڵەکانم دەچنە دەرە و ئەرکی لێنانی چێشت دەکەوێتە ئەستۆی من ولەکاتی نووسیندا دەبێ ناوبەناو سەر لەمەنجەڵ بدەم؛ یەکێك لەخوێنەرەکانم پرسیویەتی: کاتی نوسین چۆن دادەنیشی؟؛ جائەمەش بوو بەپرسیار؛ من دەبێ چ وەڵامێك بدەمەوە؟؛ خوێنەری بەرێز دەتویست چۆن دانیشم، چما خەڵکی دیکە چۆن دادەنیشن کەدانیشتنی من دەبێ لەگەڵ هی ئەوان جیاوازی هەبێ؟ ڕەنگە ئەم دۆستە بەڕێزە وای بۆ بچێ لەکاتی نووسیندا بەپێوە دەوەستم یان قاچم لەملم دەهاڵێنم؛ هەڵبەت لەوانەیە خوێنەرەکانم گاڵتەیان بەدانیشتنی من بێت.

بەڵام بەڕای خۆم زۆرئاساییە... لەبەر ئەوەی کەلە مناڵییەوە موبڵ وسەندەڵیی وشتی وامان لەماڵیدا نەبووەو چوارمشقی لەسەر عەرز دادەنیشتم. ئێستاش ئەو خووە کۆنەم بەرنەداوە. تەنیا جیاوازییەکی کەهەیە ئەوەیە کەئێستا چوارمشقی لەسەر موبڵ دادەنیشم. بەتایبەت لەبەر ئەوەش کەکورتەباڵام وئەگەر قاچم بەردەمەوە ناگەنە عەرزی. هەربۆیە قاچی ڕاستم ژێرخۆم...بەمجۆرە زۆر ئاسودەترم... یەکێکی تر لەخوێنەرەکانم پرسیویەتی:((چۆن خۆت ئامادەی نووسین دەکەی؟؛)) ئەمەش بۆ خۆی قسەیەکە... ڕاستتان بوێ،ئەمن مرۆڤێکی زۆرهەڵچووی دەمدەمیم. هەربەم بۆنەوە زۆر زەحمەتە بەم نەبوونی وبێ بەشییە لەژیانمدا کە زۆریشن، بیروفکری خۆم بخەمە سەر یەك شتی تایبەتی، یان بەقەولی ئێوە خۆم ئامادەی نووسین بکەم. بەڵام براله؛ نەبوونی وبێ بەشیتان چۆن دیوە؟ نەبوونی ئەو شتەیە کەمرۆڤ بۆ هەرکارێك ڕادەکێشێ مەگەر نەتان بیستووە کەدەڵێن: ((نەبوونی گەورەترین مامۆستای کۆمەڵە...))ئەمنیش پێویستیم بەوە هەیەکەشت بنووسم.لەلایەك باری دڵی خۆم سووك دەکەم ولەلایەکی دیکەش ژیانمی پێ دابین دەکەم. لەبەرئەوەی کەزۆرکات بەلەش وبەڕۆح لەسەر خۆم نیم. بەشێکی زۆرلەنووسراوەکانم بەدڵی خۆم نین وباش لەکار نەهاتونەتەدەر. بۆخۆم زیاترلەهەمووکەس هەست بەمە دەکەم. یەکێك پرسیویەتی: ((بەشوێن بابەتدا دەگەڕێم یان بابەتەکان بۆ خۆیان دێنە مێشکمەوە))؟ ئەوەی ڕاستی بێ،بابەت شتێکی وانییەکە دەرگا لێبداو خۆبەژووردا بکا. ئەمنییش بەشوێن بابەتەکاندا دەخولێمەوە. ئەوە کاری کیمیاگەرەکانی کۆن بوو کەبۆ دۆزینەوەی زێر عەوداڵی کێو ودەرودەشت بوون.بەهەرحاڵ دەستنووسەکانم کەهەر ڕۆژ کۆیان دەکەمەوە باشترین سەرچاوەی چیرۆکەکانمە وئەگەر تاسەد ساڵی تریش پەیتاپەیتا گەرەکم بێ شت بنووسم دیسان دەستنووسەکانم کەم ناهێنن. گەورەترین پەژارەی من ئەوەیە کەناتوانم ئەو بابەتانەی کەخۆم پێم باشن، بنووسمەوە. چونکا لەحاڵی حازردابەداخەوە ئەمن تەنیا لەبەر دابینکردنی ژیان وبەدەستهێنانی بژێو شت دەنووسم... زۆربەی ئەو بابەتانەی کەدڵم پێیانەوەیە وپێم خۆشە بیاننوسمەوە، لەم کۆمەڵگایەدا دەرفەت و ڕێگای بڵاوبونەوەیان نییە. لەکۆتاییدا ئەوەشتان پێ بڵێم کەچەند نووسراوەیەك کەلەبەر دڵانن و شیاوی خوێندنەوەن و باش لەکڵ دەرهاتوون، ئەوانەن کە لە ژوورەکانی زینداندا نووسیومن.

***



# پڕبە گەروو ناوت دێنم ئەی» ئازادی»
## ئامادە کردن: سەعید ئەمانی

ئۆژن گرندل، ناسراو بە پۆل ئێلوار، یەکێك لە ناودارترین شاعیرانی سەدەی بیستی زایینی، لە ساڵی ۱۸۹۵ لە سەن دنی لەدایکبوو، کە ناوچەیەکی پیشەسازی و کرێکارنشینی دەوروبەری پاریسە. لە ساڵی ۱۹۱۷ دا یەکەم نامیلکە شێعری خۆی بە ناوی «ئەرك و نیگەرانی» و ساڵێك دواتریش دووهەمین دەفتەری لە ژێر ناونیشانی «شێعر بۆ ئاشتی» بە چاپ گەیاند. لە ساڵی ۱۹۳۵ لە کۆنگرەی نووسەرانی دژی فاشیست دا بەشداری کرد. لە شەڕی نێوخۆیی ئیسپانیادا بەشداریکرد و شان بە شانی باقی نووسەران و شاعیرانی پێشکەوتنخوازی دنیا لە سەنگەری کۆماریخوازاندا بە دژی هێزە فاشیستەکانی فرانکۆ شەڕی کرد.

لە کاتی داگیرکردنی فەڕانسەدا چووە نێو ڕیزەکانی بزوتنەوەی بەرگرییەوە. ئێلوار لەگەڵ کۆتایی پێهاتنی شەڕی یەکەم، لەگەڵ ئاندرە بێرتۆن، لویی ئاراگۆن و فلیپ سوپر ئاشنا بوو وە لەگەڵیاندا «بەیانییەی شێعری سوررئالیستی فەڕانسە«یان مۆر کرد. بەڵام دوای ئەوەی هێندێك کێشە و دژایەتی کەوتە نێوان ئەندامانیانەوە لە ئەنجومەنی سوررئالیستەکان جیابۆوە و وەك ئاراگۆن، کە بەر لەو جیا ببۆوە و چووبووە ناو ڕیزەکانی حیزبی کۆمۆنیستەوە، ئەویش لە ساڵی ۱۹٤۲ بە حیزبی کۆمۆنیستی فەڕانسە پەیوەست بوو.

لە مەودای شەڕی دووهەمی جیهانیدا ئێلوار و ئاراگۆن سەر قافڵەی ئەو شاعیرانە بوون کە لەبەرانبەر هێزە داگیرکەر و فاشیستەکانی ئاڵمانی هیتلێری دا وێستانەوە و شێعریان کردە چەکێك بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو زوڵم و زۆردارییە. ئێلوار لەلایەن ئەو بزوتنەوەیەوە وەك لێهاتووترین ئەندام کرایە بەرپرسی هاوئاهەنگ کردنی کار و تێکۆشانە شۆڕشگێڕانەکانی ڕووناکبیران لە فەڕانسە. شێعر و نووسراوەکانی پۆل ئێلوار کەیلی ستایشی خۆشەویستی و ئەوین و بەرابەری و ئازادین.پۆل ئێلوار هیچ میانەیەکی لەگەڵ ئەو کەش و فەزا عیرفانییەی لە شێعری ئۆروپایی دا لەئارادا بوو، نەبوو. تەنانەت ڕاشکاوانە بۆچوونە متافیزیکییەکانی ڕەد دەکردەوە.

ژان ڕۆسلۆ نووسەری «فەرهەنگی شێعری هاوچەرخی فەڕانسە« لە سەر ئەو بڕوایەیە کە لە نێو گشت شاعیرانی مەکتەبی سوررئالیزم دا، کەسێکی کە قووڵترین و بەرجەستەترین شوێنەواری لە سەر بەرەی نوێی شاعیرانی هاوچەرخی فەڕانسە دانا، پۆل ئێلوار بوو.ئۆژن گرندل ( پۆل ئێلوار ) لە ساڵی ۱۹٥۲ دا ماڵاوایی لە ژیانکرد. لە زومرەی بەرهەمەکانی دەکرێ ئاماژە بە «سەرچاوەکانی ژیانەوە«، «شێعر و حەقیقەت»، «شێعری بەردەوام»، «هیوای بەردەوام مانەوە« و «سیمورغ» بکرێت.

نموونەیەك لە شێعرەکانی:

«ئازادی»
لە دەفتەری سروودەکانمدا
لەسەر مێز، بە دارەکانەوە
بە شێوەیەک بەسەر لمەوە،
بەسەر بەفرەوە
ئەت نووسمەوە.
بەسەر هەر لاپەڕەیەکەوە کە
ئەیخوێنمەوە
بەسەر هەر لاپەڕەیەکی سپیەوە
بە ژیلەمۆی کاغەزەکانەوە یان
بەردی خوێنەوە
ئەت نووسمەوە.
بە وێنە ئاڵتوونییەکانەوە
بە زرێی سەربازانەوە
لەسەر تاجی هەر پاشایەک
ئەت نووسمەوە.
بە ڕوخساری لێڕەوار و بیابانەوە
بە هێلانە و پرچی سەوزی
سەرووەوە
لە دەنگدانەوەی منالیمدا
ئەت نووسمەوە.
بەسەر مەڕ مەڕی شەوەوە
لە سپیێتی نانی ڕۆژانەدا
لە لاپەڕەی گشت وەرزێکی
بە لێندراو
ئەت نووسمەوە.
لەسەر هەر تیکەیەکی سەوز لە
ئاسمانی خۆڵەمێشیا
لەسەر سینگی دەریاچەیەکی
نووستوو لە ژێر تریفەدا
بەسەر ئاوەڕێی ژیانەوە
ئەنووسمەوە
بە ئاسۆوە، لە پێدەشتان
لەسەر باڵی پەلەوەران
لەسەر بەرداشی سێبەران
ئەت نووسمەوە.
لە تۆیی شنەی ئێوارانا لە
دەریادا، بە دیوارەی کەشتیەکانا
بە کوێستانی سەر شێتەوە
ئەت نووسمەوە.
بە هات و چۆ و خورۆشانی
هەورەکانا
لە سەر ئارەقی تۆفان و
لەسەر تویژاڵی بۆنی شێ و لە
بارستایی بارانا
ئەت نووسمەوە.
لە سەر هەر هەستی یارمەتییەک
لەسەر تەوێڵی یارانم
لەسەر هەر دەستێکی
یارمەتیدانم
ئەت نووسمەوە.
لە سەر پەنجەرەکانی سەر
سوڕمان
لەسەر لێوی هەر
بیسەرێک
چەند قات بانتر لە بێدەنگی
ئەت نووسمەوە.
لەسەر بەهەشتە لەدەست
چووەکانم
لەسەر فانۆسە دەریاییە
ڕووخاوەکان
بەسەر دیواری یاسەوە
ئەت نووسمەوە.
بەسەر غەیبەتی بێ هیواوە
بەسەر رووتی تەنیاییەوە
تەنانەت، بە هەنگاوەکانی
مەرگەوە
ئەت نووسمەوە.
لەسەر مەترسییە بێهودەکانی
نێکۆن
لەسەر بەدەست هێنانەوەی
سلامەتی
بەسەر هیوای بێ کێشەوە
ئەت نووسمەوە.
وە لە هێزی یەک وشەوە من
سەر لەنوێ ژیان بەدەست
دێنمەوە
لە دایکبووم تا بتناسم و
بتنا سێنم
نێو دێرت بکەم
«ئازادی» و
پڕ بە گەروو هاوارت کەم

# کورتکراوەی ڕاپۆرتێکی ساڵانەی ماڵپەڕی مافی مرۆڤی کوردستان

## سەرچاوە: ڕادیۆ زەمانە

نوێترین ڕاپۆرتی ساڵانەی ماڵپەری مافی مرۆڤی کوردستان سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچە کوردنشینەکان لە ماوەی ساڵی ١٤٠١دا، بەرواری ٤ی مانگی گوڵانی ١٤٠٢ بڵاوکرایەوە.ئەم ڕاپۆرتە زانیاریی بەرفراوان لەبارەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤی هاووڵاتیانی کورد لە ئێران لەخۆ دەگرێت.لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە کە هەروەک ساڵانی ڕابردوو پێشێلکاریی مافی شارۆمەندانی کورد بەهۆی جیاوازی زمان، ئایین، فەرهەنگ، ڕەگەز، ئاراستەی جنسی و جێندەری، پێگەی چینایەتی، پێگەی سیاسی و هتد... بە پشتبەستن بە یاسا جیاکارییەکانی کۆماری ئیسلامی و لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکان و هێزی نیزامی، دادوەریی و جێبەجێکار و حکوومەتەوە بەردەوام بووە. زۆرترین حاڵەتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە جەریانی نارەزایەتییەکانی دوای کوژرانی ژینا (مەهسا) ئەمینی ڕوویاندا. گرتن و کوشتنی هاووڵاتییانی کورد، وێنەیەکی ڕوونە لە بەردەوام بوونی پێشێلکردنی سیستماتیکی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران.بە جۆرێک کە بەهۆی بێ بایەخ کردنی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، ڕێژەی پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی وەک کوردستان و بەلوچستان و ناوچە پەراوێزخراوەکانی دیکە پەرەی سەندووە.لە بەشی یەکەمی ڕاپۆرتی ساڵانەی مافی مرۆڤی کوردستاندا، زۆر بە وردی و بە خستنەڕووی چەندین بەڵگە و دیکۆمێنتەوە باس لە نارەزایەتییە سەرتاسەرییەکانی ساڵی ١٤٠١ کراوە.بەپێی ئەم ئامارە کۆکراوەیە، کوردستان زۆرترین ژمارەی کوژراو و بریندار و زیندانیکردن و سزای لەسێدارەدانی لەدژی خۆپیشاندەران هەبووە.

دوای کوشتنی ژینا ئەمینی لە لایەن حکومەت و بەرێوەچوونی کۆبوونەوەی نارەزایەتی لە پرسەکەیدا لە شاری سەقز، نارەزایەتییەکان دەستیان پێکرد. کۆماری ئیسلامی وەک هەمیشە کوردستان بە مەترسییەک دەزانێت. بەهۆی پوتانسێلی دەوڵەمەندی چالاکییە مەدەنی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان کە بەردەوام لە کوردستاندا بوونیان هەبووە، ڕێژیم بەردەوام هەوڵی سەرکوتکردنی ئەو کۆمەڵگا زیندوو و خەباتکارە دەدات. هەر بەو هۆیەشەوە، بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران، بەلوچستان و کوردستان زۆرترین ژمارەی گیانلەدەستدانیان هەیە.

دوایین ڕاپۆرتی مافی مرۆڤی ئێران کە لە ١٥ی ڕەشەمەی ساڵی ١٤٠١دا بڵاوکرایەوە، ڕایگەیاند کە لانیکەم ٥٧٣ کەس لە کاتی نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی ساڵی ١٤٠١دا گیانیانبەختکردووە. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، بەلوچستان، کوردستان و تاران زۆرترین ژمارەی گیانبەختکردوویان هەیە. ماڵپەری مافی مرۆڤی کوردستان ناو و وردەکاریی ١٢٣ هاووڵاتیی کوردی تۆمار کردووە کە لەو نارەزایەتیانەدا گیانیان لەدەستداوە، کە ١١ کەسیان منداڵن.

بە پێی ڕاپۆرتی ماڵپەری مافی مرۆڤی کوردستان، ١١٢ کەس لە گیانبەختکردوان یان بە تەقەی ڕاستەوخۆی گوللەی ساچمەیی و جەنگیی، یان لەلایەن هێزە نیزامی-ئەمنییەتییەکانەوە لە کاتی نارەزایەتییە گشتییەکانی سەر شەقام یان بە زەبری باتۆم و چەقۆ دوای گواستنەوەیان بۆ نەخۆشخانە کوژراون. بەپێی ڕاپۆرتەکە، ٨ کەس لە کوژراوەکان دوای دەستبەسەرکردنیان لەلایەن هێزە نیزامیی -ئەمنییەتییەکانەوە بەهۆی ئازار و ئەشکەنجەوە لە گرتووخانەکاندا یان دوای ئازادبوونیان گیانیان لەدەستداوە. ئاماژە بە گیانلەدەستدانی گوماناوی ٢ کەس کراوە، کە دەوترێت لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ئەنجامدراوە و کەسێکی دیکەش بەتۆمەتی «خیانەت بە وڵات» لەسێدارە دراوە.

لە ڕاپۆرتی مافی مرۆڤی کوردستاندا جگە لە ناساندنی کوردستان وەک یەکێک لە ناوەندە سەرەکییەکانی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان لە ئێران، ئاماژە دەکات بە دەستگیرکردنی هەزاران خۆپیشاندەر و هەروەها برینداربوونی هەزاران خۆپیشاندەری تر لە ئەنجامی تەقەکردن و لێدان و ئەزیەت و ئازار لەلایەن هێزە نیزامیی-ئەمنییەتییەکانەوە.ئەم برینداربوون و زیانپێگەیشتنانە لە زۆر حاڵەتدا بووەتە هۆی کەم ئەندام بوون و لەدستدانی بەشێکی گرنگ لە جەستە لەوانە لەدەستدانی بینایی .

ڕاپۆرتی ماڵپەڕی مافی مرۆڤی کوردستان، جگە لە سەرکوتکردن و کوشتنی خۆپیشاندەران، باس لە لانیکەم ٨٢ کوردی ئێعدامکراو دەکات کە لە زیندانەکانی سەرتاسەری وڵاتدا لەسێدارەدراون. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، ٣٧ کەسیان بە تۆمەتی کوشتنی بە ئەنقەست و ٤١ کەسی دیکەشیان لەپێوەندی لەگەڵ مادەی هۆشبەردا ئێعدامکراون. لەمڕاپۆرتەدا باس لەوە کراوە کە ماڵپەڕی مافی مرۆڤی کوردستان تەنیا لە لەسێدارەدانی ئەو کەسانە ئاگادار کراوەتەوە و پێدەچێت ژومارەی ئێعدامکراوەکان لەوەش زیاتر بێت.

### دەستگیرکردنە بەربڵاوەکان و ئەشکەنجەدان و کوشتن

بەپێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی مافی مرۆڤی کوردستان، ١٧ هاووڵاتیی کورد بەهۆی ئەشکەنجە و لێدان لە کاتی دەستبەسەرکردنیاندا گیانیان لەدەستداوە، یان هەندێکیان لە هەمان چوار دیواری زیندانەکاندا بەهۆی ئەو زەخت و گوشارە جۆراوجۆرانەی کە لەدژیان بەکارهاتووە، کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە. لە درێژەی ئەم ڕاپۆرتەدا هاتووە کە ٩ کەس لەو کەسانە، لە کاتی نارەزایەتییە جەماوەرییەکاندا دەستبەسەرکرابوون، کە ناو و زانیارییەکانیان لە بەشی یەکەمی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە. دەتوانین بڵێین کە پرسی مافی مرۆڤ پەیوەست بووە بە هەلومەرجی سیاسیشەوە. دوابەدوای نارەزایەتییە گشتییەکانی مانگی خەرمانانی ساڵی ١٤٠١ کە بەهۆی قەتڵی حکومەتیی ژینا ئەمینی لە کوردستانەوە دەستی پێکرد، سەرکوت و گرتن و کوشتنی زۆرێک لە خۆپیشاندەران لە گرتووخانەکاندا توندتر بووە و ژمارەی کوژراوەکان زۆر زیاترە لە ساڵانی پێشوو، کە بێگومان بەهۆی ئەو نارەزایەتیانەوە بووە کە ساڵی ڕابردوو شاهیدی بووین. هەرکاتێک کۆماری ئیسلامی ڕووبەڕووی قەیرانی ناوخۆ بۆتەوە، سەرکوتەکان لە ناوچە پەراوێزخراوەکاندا توندتربوونەوەیەکی زۆرتری بەخۆیەوە بینیوە. هەر بەو هۆیەشەوە کوشتنی ئەو هاووڵاتیانەی لە گرتووخانە ئەمنییەتییەکان لە ساڵی ١٤٠١دا دەستبەسەرکراون، لایەنی بەربڵاوتری لەخۆ گرتووە و پەرەی سەندووە. ماڵپەڕی مافی مرۆڤی کوردستان ناوی هەزار و ٧٦١ کەسی تۆمارکردووە کە ساڵی ڕابردوو دەستگیرکراون. لەدرێژەی ئەم ڕاپۆرتەدا ئاماژە بەوە دەکرێت کە ژومارەی دەستبەرکراوەکان زۆر لەوە زیاترە، بەڵام بەهۆکاری ئەمنییەوە زانیاری لەبارەیانەوە بڵاو نەکراونەتەوە.

### کوشتن و تیرۆرکردنی هاووڵاتیانی کورد لە دەرەوەی ئێران

کوشتن و تیرۆرکردنی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان یەکێکە لە بەشە گرنگەکانی دیکەی ڕاپۆرتی ساڵانەی ماڵپەڕی مافی مرۆڤی کوردستان. لەم ڕاپۆرتەدا ئاماژە کراوە بە ناو و وردەکاریی تەواوی لانیکەم حەوت کەس لە کوژراوەکانی سەربە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان کە ئەندامی هەنێک لە حیزبە کوردستانییەکانن. جگە لەوەش لەم ڕاپۆرتەدا باس لە هێرشی مووشەکی سپای پاسداران کراوە بۆسەر بارەگای حیزبە کوردییەکان لە بەروارەکانی ٦ی ڕەزبەر و ٢٣ و ٣٠ی خەزەڵوەری ١٤٠١ لە هەرێمی کوردستانی عێراق. لەو هێرشانەدا ٢١ کەس لە ئەندامانی حیزبەکان و بنەماڵەکانیان گیانیان لەدەستداوە.

### کۆلبران

یەکێک لە حاڵەتە بەربڵاو و سیستماتیکەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، بریتی بووە لە دۆخی کۆلباران. ڕاپۆرتی ساڵانەی ماڵپەڕی مافی مرۆڤی کوردستان باسی لە بارودۆخی کۆلبارانی ساڵی ڕابردوو (١٤٠١) کردووە، کە دەریدەخات زۆرترین کوژراو و برینداری کۆڵبەران تا ئێستاش بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزی ئینتزامی و پاسەوانانی سنووریی کۆماری ئیسلامییەوە ڕوودەدات. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە لە ساڵی ١٤٠١دا ٢٨ کۆڵبەر لە سنووری پارێزگاکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کوردستان و کرماشان گیانیان لەدەستداوە و ٢٤ کەسیان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران کوژراون و کۆڵبەرەکانی دیکە بەهۆی وەستانی دڵ و بەستەڵەک و کەوتنە خوارەوە لە بەرزایی و ڕووداوی هاتوچۆ لەسەر ڕێگاکانی کۆڵبەریی گیانیان لەدەستداوە.


لە بەشێکی ئەم ڕاپۆرتەدا باس لەوە کراوە کە ١٦٦ هاووڵاتیی کورد لە ساڵی ١٤٠١ لە کاتی کۆڵبەریدا بریندار بوون، لەو ژومارەیەش ١٣٢ کەسیان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، ١٧ کەسیان لە کاتی ڕاوەدوونان، ٧ کەسیان بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆ، ٤ کەسی تر بەهۆی کەوتنە خوارەوە لە بەرزایی و ٣ کۆڵبەریش بەهۆی تەقینەوەی مین لەسەر ڕێڕەوەکانی کۆڵبەری برینداربوون.بەپێی ئەو ئامارەی ماڵپەڕی مافی مرۆڤی کوردستان تۆماری کردووە، زۆربەی تەقەکردنەکان لەو کۆڵبەرانەی کە لە ئەنجامدا گیانیان لەدەستداوە یان برینداربوون، لە ناوچە سنوورییەکانی ئێران و عێراق، لە نەوسوود سەربە شاری پاوە و پارێزگای کرماشان و هەروەها شاری بانە لە پارێزگای کوردستان ئەنجام دراون. پرسی کۆڵبەری دیاردەیەکی سەرچاوەگرتوو لە بارودۆخێکی سەخت و دژوارە کە بەسەر دانیشتوانی ناوچە سنوورییەکاندا سەپێنراوە. ئەوان بەناچار بۆ بژێوی ژیانیان ڕوو لە کۆڵبەری دەکەن. ساڵی ڕابردوو (١٤٠١) بەهۆی نارەزایەتییە گشتییەکانەوە، سەرجەم ناوچە سنوورییەکان بۆ ماوەی چوار یان پێنج مانگ بەهۆی بوونی زۆری هێزە ئەمنییەکانەوە داخرابوون. لەماوەی ئەو چەند مانگەدا کۆڵبەران نەیانتوانی وەک ساڵانی پێشوو ڕووبکەنە ناوچە سنوورییەکان بۆ درێژەدان بە کاری کۆڵبەری.

هەر لەبەر ئەم هۆکارەش ڕەنگە ژمارەی کوژراو و بریندارەکانی کۆڵبەرەکان کەمی کردبێت و هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی تایبەتی زاڵ بەسەر ناوچە سنوورییەکاندا. ئێمە بەردەوام جەختمان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە ئەو کوشتارانەی کە کۆماری ئیسلامی ئەنجامی داوە، کوشتارێکی سیستماتیک و بەردەوام بووە. تا ئێستا هیچ کام لە ڕووداوەکانی کوشتنی کۆڵبەران لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە لێپێچینەوە و بەدواداچوونی بۆ نەکراوە. هەربەم هۆیەوە بەردەوام دەستی پاسەوانی سەرسنوور یان هێزە نیزامییەکانی بۆ کوشتنی کۆڵبەران بە کراوەیی هێشتووەتەوە.



***

# دێموکراسی وەک دیاردەیەک لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتییدا




**پێشەکی پێشڕەو:**
**بەشێکی کورت لە بابەتێک «سەبارەت بە ناوەڕۆکی دێموکراسی» لە نووسینی «ڕەزا شەمس» لەم ژمارەیەدا دەخێنەبەر دید و نەزەری خوێنەرانی پێشڕەو. لەو ڕووە کە ئەم باسە ( دێموکراسی) باسێکی گرنگە، پێشڕەو بەباشی زانی ڕا و بۆچوونی جیاواز لەم بارەوە بخاتەڕوو بەبێ ئەوەی بەرپرسیارتی ناوەرۆکی باس و بابەتەکان لە ئەستۆ بگرێت.**

لەم بەشەوە باس لە پرسی دێموکراسی وەک دیاردەیەک لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتییدا دەکەین و ئەوەی ئەمڕۆ وەک سیستەمێکی دێموکراسی بوونی هەیە و بنەماکانی بە کورتی تاوتوێ دەکەین. بەڵام پێش ئەوەی بچینە ناو تەوەری دێموکراسی وەک دیاردەیەکی هەبوو، پێویستە چەند پرسیار بورووژێنین.

ئایا دێموکراسی تیۆری و بیرۆکەیە یان سیستەمی بەڕێوەبردن؟

خستنەڕووی ئەم پرسیارە لەو ڕوانگەیەوە گرنگە کە جۆرێک لە سەرلێشێواوی فیکری لە گوتارە هەنووکەییەکان سەبارەت بە دێموکراسی لە ئێراندا بەدی دەکرێت، بە تایبەت لە لایەن باڵە جۆراوجۆرەکانی ڕژیمی دەسەڵاتدار لە ئێران. بەشێک لە تیۆریستەکانی ڕێژیم پرسی دێموکراسییان بۆ ئاستی بابەتێکی وەک گوتاری ئایینی دابەزاندووە و کردوویانە بە پرسێکی تەواو ئەخلاقی و بەردەوام باسی تیۆریی لەسەر دەکەن و هەوڵ دەدەن گوتاری دێموکراسی وەک مادەیەکی هۆشبەر بۆ کۆنترۆڵکردنی خەبات و نارەزایەتییەکانی جەماوەر و بە تایبەت خوێندکارانی ئێران، بەکاربهێنن. ئەو مرۆڤە دێموکراتانەی کە تیۆریستەکانی ڕێژیم وێنایان دەکەن، کەسێکی خاوەن شکۆ، مل کەچ، لێبوردە، مایل بە گفتوگۆکردن و خۆش ئەخلاقە کە هەرگیز بۆ وەرگرتنی مافەکانی، خۆی تووشی تێکهەڵچوون ناکات، دونیا جوان دەبینێت و کەسێکی ئاشتیخواز و ڕێک و پێکە و هتد... لە ڕاستیدا ئامانجی تیۆریستەکانی ڕژیم و هاودەستە سەڵتەنەتخوازەکانیان لە وێناکردنی بەم شێوەیەی دێموکراسی و مرۆڤی دێموکرات، هیچ نییە جگە لە گۆڕینی گوتاری دێموکراسی بۆ گوتاری ملکەچبوون.

بە پێی ئەم جۆرە تیۆریزەکردنانە، مرۆڤی دێموکرات بریتییە لە مرۆڤێکی ملکەچ و خۆ بەدەستەوەدەر، کەسێکە کە هێندە مرۆڤدۆست و دێموکراتە کە نایەوێت دڵی کەس برەنجێنێت و هەرگیز کارێک ناکات کەس لێی نارەحەت بێت، خۆپێشاندان ناکات، خەبات ناکات، چونکە کەسێکی ناتوندوتیژە. ناچێتە ناو هیچ ڕێکخراوێکەوە چونکە کەسێکی زۆر ڕێک و پێک و سەربەخۆیە و ڕێکخراو سنوورداری دەکات... ئەم تیۆرییانەی کە ڕژیم بەرهەمی هێناوە، لە دەرەوەی وڵاتیش لەلایەن پاشماوەکانی ڕژیمی پێشووەوە، بە تایبەت ئەوانەی کە لە ڕابردوودا لە ئیدارە ئەمنییەکانی وەک ساواکدا کاریان کردووە و هەروەها هەندێک بیرۆکراتی کۆنی ئێرانی و ئەو شێوە ڕۆشنبیرە سەرلێشواوانەی کە وابەستەی دەسەڵاتی دەوڵەت بوون و هەن، دێتە گۆڕێ و لە ژێر ناونیشانی گوتاری دێموکراتیکدا، کۆڕ و کۆبوونەوەکانی خۆیان گەرم ڕادەگرن. لە کۆی گشتی ئەم تیۆریزەکردنانە وا دەردەکەوێت کە لە پێناسەکردنی دێموکراسیدا، ئەمانە دێموکراسی وەک بیرۆکە و تیۆری دەزانن. بیرۆکە و تیۆرییەکی جوان و فەلسەفییە کە پێویستە گفتوگۆی لەسەر بکرێت و ڕاوبۆچوونی لەسەر دەربېردرێت و وەسفی بکرێت. مرۆڤی دێموکراتیش کەسێکە کە ئەم بیرۆکەیەی قبووڵ بێت و قسە و باس و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکات.

بەڵام ئایا دێموکراسی بیرۆکەیە یان دەرئەنجامی پرۆسەی ئاڵوگۆڕی پێکهاتەکانی دەسەڵات؟ ئایا دێموکراسی بیرۆکەیەکی جوان و فەلسەفییە کە پێویستە وەسف و ستایشی بکرێت یان سیستەمێکە کە پێویستە جێبەجێ بکرێت؟ ئایا دێموکراسی تیۆرییەکی فەلسەفییە کە پێویستە لە ڕووی تیۆرییەوە قسەی لەسەر بکرێت یان پێکهاتە و سیستەمێکی بەڕێوەبردنە کە پێویستە بەکردەوە دەربێت؟ وە لە کۆتاییدا ئایا دێموکراسی پراکتیکە یان تیۆرییە؟

دەرئەنجامی ئەم بەناو گوتارانە ئەوەیە کەلە ئێران هەندێک کەس بیست و چوار سەعاتە لەژێر ناونیشانی گوتاری دێموکراسیدا خەریکن دەستدرێژی دەکەنە سەر دێموکراسی و بەردەوام لە مەیدانی کردەوەدا بوونیان سەرچاوەگرتوو لە دەستدرێژی بۆسەر دێموکراسییە و لە بواری تیۆرییشدا لەگەڵ هاوتاکانیان لە دەرەوەی وڵات دەستیان لە دەستدرێژیکردنە سەر دێموکراسی هەڵنەگرتووە و تا هەنووکەش هەروا بەردەوامن. بەپێچەوانەوە تەنانەت توانیویانە بیکەن بە ئامرازێک بۆ کات بەسەربردن بۆ هەندێک لەو کەسانەش کە خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن دەزانن. لە ئەنجامدا ئەمڕۆ یەکێک لەو بوارە گرنگانەی کە ڕێژیم بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆی و بەهەدەردانی پۆتانسێل و هێزی کۆمەڵایەتی نارەزایەتییەکانی ئێستا سەرمایەگوزاریی لەسەر کردووە، هەر ئەم گوتارە دەستدرێژیکارانەیە، کە هیچ مەبەستێکیان نییە جگە لە گۆشەگیرکردن و بە تاک خستنەوەی تاکەکان وەک پێکهاتەی هێزی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدان بە بێ کرداری و پاسیفیزم. «دێموکراسی وەک دیاردەیەکی هەبوو» لە دونیای ئەمڕۆدا تیۆرییەکی فەلسەفی نییە کە پێویست بکات لە ئاسمانەکاندا بەدوای بنەما و بنچینەکانیدا بگەڕێت. بەڵکوو دیاردەیەکی واقیقییە کە لە پرۆسەیەکی بەشێنەیی و هەنگاو بە هەنگاودا شکڵی گرتووە و گەیشتووەتە ئێرە و وەک هەر سیستەمێکی بەڕێوەبردن بەردەوام لە ئاڵوگۆڕدایە و بەرەو باشتربوون دەچێت.

ئایا دەتوانرێت دێموکراسی کۆپی بکرێت؟

ئەگەر قبووڵی بکەین کە دێموکراسی سیستەمێکی بەڕێوەبردنە، وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوە ئەرێنییە. هەر بۆیە ناکرێت دێموکراسی بە هۆی جیاوازی کولتووری و ئایینییەوە تەنیا لە ناوچەیەکی جوگرافیدا سنووردار بکرێت. لە ڕاستیدا سیستەمی بەڕێوەبردن جگە لە شێوازی جێبەجێ کردنی کردارێک لەسەر بنەمای هەندێک شێواز و تەکنیک، هیچی تر نییە و وەک چۆن هەر سیستەمێکی بەڕێوەبردن بابەتێکی هەیە، سیستەمی دێموکراسییش بابەتێکی هەیە، کە جگە لە «دیاردەی دەسەڵات» هیچی تر نییە. کەواتە دەکرێ بڵێین سیستەمی سەرمایەداریی دێموکراسی بریتییە لە کۆمەڵێک شێواز و تەکنیک کە دەسەڵات بەشێوەیەکی دیاریکراو ڕێکدەخەن و بەڕێوەی دەبەن.

وەک چۆن کۆمەڵگا جیاوازەکان لە ژێر کاریگەریی هاوبەشی یەکتردا لە پرۆسەیەکی ئاڵوگۆڕی بەردەوامدا دەستکەوتەکانی یەکتر بەکاردەهێنن، ئەم پرەنسیپە لە پێوەندی لەگەڵ دێموکراسیشدا ڕاستە و هەروەک چۆن دەتوانرێت شێواز و تەکنیکەکانی بەڕێوەبردنی پۆستەخانە لە وڵاتێکی دیکەوە کۆپی بکرێت- وەک ئەوەی ئەمیر کەبیر زیاتر لە سەدە و نیوێک لەمەوبەر کردوویەتی - شێواز و تەکنیکەکانی دێموکراسیش دەتوانرێت کۆپی بکرێت. بەو پێیەی کە ناکرێ بوترێت لەبەر ئەوەی کەلتوور و ئایینی فلان کۆمەڵگا جیاوازە، ناتوانرێت سیستەمی پۆست لە شوێنێکی ترەوە کۆپی بکرێت، ناکرێ بەم جۆرە هۆکارانە خۆ لە بەکارهێنانی تەکنیک و شێوازەکانی دێموکراسی بدزیتەوە و بیکەیتە پرسێکی ئەخلاقی- فەلسەفی و چەواشەکاری لەبارەوە بکرێت. چونکە دێموکراسی وەک هەر دیاردەیەکی تر دەرئەنجامی پرۆسەی گەشەسەندنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە و بە دەستکەوتێکی مرۆڤایەتی دادەنرێت.

***

# «لە پەراوێزی وتراو و نەوتراوەکاندا»

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی چوار هەفتە لە کۆتایی مانگی خاکەلێوە، بانکی ناوەندیی هێشتا ئامارێکی سەبارەت بە دۆخی هەڵاوسانی ئەو مانگە بڵاو نەکردووەتەوە.هاوکات سەرچاوەیەکی ئاگادار، هەڵاوسانی مانگانەی مانگی گوڵانی وەک دووەم ژمارەی پێوانەیی لە ماوەی ١٠ مانگی ڕابردوودا ڕاگەیاندووە، ئەم سەرچاوەیە هەروەها سەبارەت بە هەڵاوسانی بانکی ناوەندی لە مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، ڕایگەیاندووە کە هەڵاوسانی «خاڵ بە خاڵ» لە مانگی گوڵانی ئەمساڵدا یەکسان بووە بە ٦٨.٨ لەسەد واتە زۆر لە ڕێژەی ٧٠ لەسەد نزیکبۆتەوە. ئاماری هەڵاوسانی نزیک لە ٧٠ لەسەد، لە کاتێکدایە کە خامنەیی لە پەیامێکدا بە بۆنەی سەرەتای ساڵی ١٤٠٢ی هەتایی، پرسی ئابووریی و بژێوی خەڵکی وەک گرینگترین پرسی ساڵی ڕابردووی وڵاتی ناولێبرد و جەختی لەوە کردەوە کە ئەمساڵ، واتە ساڵی ١٤٠٢، بابەتی ئابووریی هەروا سەرەکیترین پرسی وڵاتە، بەم هۆیەوە دروشمی ساڵی ١٤٠٢ی لەژێر ناوی «کۆنترۆڵکردنی هەڵاوسان و گەشەی بەرهەمهێنان» ڕاگەیاند.

وا بەرچاو دەکەوێت کە لەگەڵ ڕێژەیەکی نزیک لە ٧٠٪، نەک هەر هەڵاوسان کۆنترۆڵ ناکەن بەڵکوو بەرەو هەڵکشان ئاراستەی دەکەن. بە وتەی عەلی ئاقا محەمەدی، ئەندامی ئەنجومەنی « تەشخیسی مەسڵەحەت»، بەپێی خەمڵاندنەکان، لە ئێستادا ١٩ ملیۆن و حەوت سەد ئێرانی لە ئیمکاناتی سەرەتایی ژیان بێبەشن.

ئێوە سەرنج بدەن، ئاماری نزیکە بە ٢٠ میلیۆن ئێرانی، کە لەگەڵ بنەماڵەکانیان دەبێتە هەمان ئەو ئاماری نزیکە بە ٦٠ ملیۆن کەسەی کە لە ئیمکاناتە سەرەتاییەکانی ژیان، واتە خواردن، جلوبەرگ و نیشتەجێبوون بێبەشن. هەر بەم ئاسانییە!! لە دوتوێی ئەم وشانەدا واتە بێبەشبوونی نزیکەی ٦٠ ملیۆن کەس لە سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیان، دەردەکەوێت کە چەندها ژیان لەناو دەچێت و چەندەها کەس دەبنە قوربانی و ڕۆژانە چەندەها کارەساتی دڵتەزێن ڕوودەدات. بەڵام چارەسەر چییە؟ با گوێ بدەینە وتەکانی نوێنەری وەلی فەقی لە سپای پاسداران کە وتبووی: «گەمارۆ جوانترین نێعمەتی دوژمنە بۆ گەشەپێدانی وڵات، بۆ ئەوەی تواناییەکانی خۆمان بەدەست بهێنن و بە ئیزنی خودا بە ئیمکانات و لێهاتوویی خۆمان دەگەین بە خۆبژێوی». بێ گومان وایە!! وەک چۆن شەڕ نێعمەتێک بوو لەلایەن خوداوە، گەمارۆکانیش دەتوانن یەکێک بێت لە جوانترین نێعمەتەکانبۆ ئەوەی ئێران لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بە هەژارکردن و بێبەشکردنی ملیۆنان کەس، بگاتە ئاستی خۆبژێوی.

لە درێژەی ئەم ڕاپۆرتەی ئاژانسی هەواڵی فارسدا لە زمان نوێنەری وەلی فەقی لە سپای پاسدارانەوە هاتووە:؛ئەگەر سپای پاسداران نەبوایە شۆڕشی ئیسلامی تیرۆر دەکرا. پێویستە سپا هەمیشە بەهێز بێت بۆ دابینکردنی ئاسایش و هەروەها پێویستە هەنگاو بنێت بەرەوپێشەوە بۆ ئەوەی بەر بە پێشڕەوییەکانی دوژمن بگرێت. نابراو هەروەها ئاماژەی بەوەکرد کە: ڕاوەستاویی و پاڵپشتیکردنی میللەت لە وشەی «حەق»، پیلانەکانی دوژمن پووچەڵ دەکاتەوە و پێشکەوتن و ئاسایشی کۆمەڵگا لە گرەوی جیهادێکی مەزندایە. بەڵێ، کەواتە «خۆبژێویی» بە واتای بەهێزکردنی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە بۆ ئەوەی ئینقلابی ئیسلامی تیرۆر نەکرێت، جەوهەری سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لەم ڕاستییەدایە کە پێویستە سپای پاسداران کە باسکی بەهێزی کۆماری ئیسلامییە، بەهێزتر بکرێت بۆ ئەوەی ئیسلام تیرۆر نەکرێت!! ئیتر گرنگ نییە ژیانی ملیۆنان کەس لەناوبچێت.

لە ڕاستیدا ئەمساڵ ساڵی کۆنترۆڵکردنی هەڵاوسان نییە، دەسەڵاتی ئیسلامی لە مەترسیدایە، هەربۆیە ساڵی جیهادی مەزنە. بێگومان جیهادی مەزن قسەیەکی بێ مانایە، بەجۆرێک کە تەنانەت دەنگی کەیهانی حەسەن شەریعەتمەداریش سەبارەت بە بارودۆخی مەترسیداری ئابووریی بەرزبۆتەوە. ئەم ڕۆژنامەیە لە بابەتەتێکدا باس لەوە دەکات کە: دۆخی نیشتەجێبوون ئاماژەیە بۆ بەردەوامبوونی ڕەوتی گرانبوونی و پێداویستییە سەرەتاییەکانی خەڵک لەژێر فشاری بەرزبوونەوەی نرخدان و هێشتا کەم تا زۆر پشێوی لە نرخی کاڵاکاندا بوونی هەیە. هەربۆیە ڕاستە حکومەتەکەی ئاغای ڕەئیسی توانیویەتی زۆرێک لە قوفڵە ئابوورییەکانی سەردەمی ڕۆحانی بکاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو ڕێوشوێنانەی کە پێویست بوون بۆ جووڵە و گەشەی ئابووری وڵات، بەشێوەیەکی کۆنکرێتی کاریگەر نەبوون لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە هاوڵاتیان ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەبنەوە. مانای ئەم وشەیە ئەوەیە کە تەنیا بە وتنی جیهادی مەزن و داتاشینی دوژمن، ناکرێت بەر بە ڕاپەڕینی برسییەکان بگیرێت و دەبێت کارێک بکرێت. چونکە بەپێی ڕاپۆرتی ئیلنا، نزیکەی ٢٠ ملیۆن کەس لە وڵاتدا لە بارودۆخێکی نالەباردا دەژین، هەروەها نزیکەی ٣ ملیۆن بنەماڵە لە هەژارییەکی ڕەهادان و ئەم ئامارە لە سیستەمی خۆشگوزەرانیشدا بەڕوونی دەردەکەوێت.

ڕاپۆرتەکە لە درێژەدا دەڵێت، بەهۆی گەشەی ئابووری سفر و لە ڕاستیدا ئەو کەشوهەوا تایبەتەی کە لە دەیەی ڕابردوودا لە وڵاتدا پێکهات، لەم ساڵانەی دواییدا ڕووبەڕووی ڕێژەیەکی بەرچاو لە هەژاریی ڕەها بووینەوە. ورد و درشتی بەرپرسەکان دەزانن گرفتەکە لە کوێدایە، بەڵام چارەسەر چییە؟ نوێنەری وەلی فەقی لە سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی دەڵێت، چارەسەر لە جیهادی مەزندایە، بەڵام عەلی ڕەبیعی، سیاسەتمەداری ڕیفۆرمخواز و وتەبێژی حکومەتی دووهەمی حەسەن ڕۆحانی، لە ڕۆژنامەی ئیعتمادا بۆچوونێکی جیاوازتری هەیە. ئەو دەڵێت بەداخەوە دوای ڕووداوەکانی شەقامی پاییزیی (مەبەستی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەیە)، هیچ نیشانەیەک بۆ ڕوونکردنەوەی زانستیی هۆکارەکان بەرچاو ناکەوێت. نەک هەر شایەتی هیچ هەوڵێک نین بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی ڕیفۆرم و ئارامبەخەش، بەڵکوو بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر وەک ئەوە وایە کە هیچ ڕووداوێک ڕووی نەدابێت.لەبیرچوونەوە لە سیستەمی سیاسیدا دەتوانێت ببێتە هۆی کۆتاییەکی کارەساتبار. هەموو ئەمانە لە کاتێکدایە کە هیچ ئاسۆیەکی ڕوون بۆ باشترکردنی وەبەرهێنان و گەشەی ئابووری و بژێوی خەڵکیش بەدیناکرێت.

ئەمڕۆ ئیتر تەنانەت ئەو کەس و لایەنانەش کە تا دوێنێ ئینکاری ڕاستییەکانیان دەکرد، بە گۆشت و پێست و ئێسکەوە تێگەیشتوون کە گەشەی ئابووری بەبێ وەبەرهێنان و چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان مومکین نییە. هەروەها لە درێژەدا دەڵێت: ئەمڕۆ ناتوانرێت کێشە نێودەوڵەتییەکان چارەسەر بکرێت بەبێ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە ناوخۆی وڵات و زیادکردنی متمانە و سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەنێوان حکومەت و کۆمەڵگادا.بەڵێ، گرێی سەرەکی لەوەدایە کە ئیمکانی چارەسەری پرسە کۆمەڵایەتییەکانی ناوخۆی وڵات لەدەستچوون و تەنیا دەزگای ئەمنی و سەرکوت لە ژێر کۆنترۆڵدایە. کێشەی سەرەکی لەوەدایە کە کۆماری ئیسلامی بەتایبەت لە مەسەلەی ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵکدا ناتوانێت تەنانەت هەنگاوێکش پاشەکشە بکات، چونکە لەو حاڵەتەدا چیتر ناوێک لە کۆماری ئیسلامی نامێنێتەوە. بەڵام خامنەیی لەم دواییانەدا ڕێگە چارەیەکی دیکەی بەنەزەر گەیشتووە. ناوبراو لە وتارەکەی ئەم دواییەیدا لەگەڵ ستافی وەزارەتی دەرەوە، باسی لە پێویستی « نەرمی نواندن» کرد و وتی لە حاڵەتە پێویستەکاندا و بەمەبەستی تێپەڕبوون لە ئاستەنگ و دژوارییەکان و درێژەدان بە ڕێگاکە» نەرمی نواندن پێویستە و هەروەها بەرگری لە لێدوانەکانی چەند ساڵێک لەمەوبەری خۆی و واتای دەستەواژەی «نەرمی نواندنی قارەمانانە» کرد. نەرمی نواندن لەبەرامبەر خەڵکدا؟ئایا خامنەیی جەخت لەسەر ڕێوشوێنە ڕیفۆرمخوازنە و ئارامبەخشەکانی عەلی ڕەبیعی دەکاتەوە؟ بێ گومان نەخێر. مەبەست لە «نەرمی نواندن»ی خامنەیی لە قسەکردن لەگەڵ فەرمانبەرانی وەزارەتی دەرەوە، نەرمی نواندن یان هەمان «نەرمی نواندنی قارەمانانە»یە لە دەرەوەی وڵات، نەک لە ناوخۆدا. سەبارەت بە پرسی ناوخۆ، هەمان وتەی نوێنەرەکەی ئەو لە سپای پاسداران ڕاستە کە پێویستیان بە جیهادێکی مەزن هەیە و ئەم جیهادەشیان لە دژی خەڵکی ئێران دەستپێکردووە. دەگرن، زیندانی دەکەن و دەکوژن، هیچ ڕێگایەکی تر نییە، چونکە بە وتەی عەباس عەبدی، ڕۆژنامەنووس، «لە چوارچێوەی ڕووکەشی بیروڕای گشتیدا، یەکەم هۆکار بریتییە لە بێمتمانەیی بە بەرپرسان، بەڵێنەکانیان و ئەو کەسانەی کە بەرپرسەکان دیاری دەکەن». ئاستی ئەم بێمتمانەییە لە ماوەی یەک ساڵدا لە ٤٠ لەسەدەوە بۆ ٧٠ لەسەد بەرزبووەتەوە کە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرچاوە. ئەم لێدوانە پەیوەندی هەیە بە ساڵی ١٣٩٧، لە ساڵی ١٤٠٢دا ئەم بێمتمانەییە گەیشتۆتە ئاستی دروشمی مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی، ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەم حکومەتە هیچ چەشنە ئیعتبارێکی نەماوە و تەنیا بە پشتبەستن بە جیهادی مەزن خۆی ڕاگرتووە. هەڵبەت ڕۆژنامەی «هەم مەیهەن» لە پێشەکییەکەی خۆیدا نووسیویەتی کە: «لە سەرەتای شۆڕشەوە تا چەند ساڵێک لەمەوبەر زۆربەی سیاسەتەکانی وڵات لە پێوەندی لەگەڵ کاروباری دەرەوەدا، لانیکەم لەلایەن لەسەدا ٦٠ بۆ ٧٠ی خەڵکەوە پاڵپشتی لێدەکرا، بەڵام لە چەند ساڵ لەمەوبەرەوە، ئەم پشتگیرییە سەرەتا بۆ خوارتر لەسەدا ٥٠ دابەزیوە و و دواتر گەیشتووەتە ئاستێکی نزمتر و ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە بۆسەر سیاسەتی دەرەوەی وڵات.» ڕۆژنامەی «هەم مەیهەن» بە ئانقەست ئەم بێ متمانەییە بە سیاسەتی دەرەوە دەبەستێتەوە، بەڵام لە ئاست ڕادەی بێمتمانەیی بە سیاسەتە ناوخۆییەکانی کۆماری ئیسلامیدا بێدەنگی هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی خوێنەر خۆی قەزاوەتێکی گشتی لەسەر بکات.




***

Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No: 429- June 2023
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# «مەسەلەی نەتەوەیی کورد» و «ناسیۆنالیزمی کورد» یەک بابەت نین

سەرچاوەی «مەسەلەی نەتەوەیی کورد» لەوەوە دێت کەدەوڵەتانی سەرکوتگەر نەتەوەی کوردیان، کە ئەویش دەیتوانی وەکوو نەتەوکانی دیکە خاوەنی دەولەتی سەربەرخۆ بێت، لەمافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بێبەشکردوەو ستەمێکی نارەوای نەتەوایەتییان لەهەموو بوارێکی ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسی بەسەردا سپاندووە. بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان لەهەموو پارچەکانی کاردانەوەیەکی جەماوەری و رەوایە بەرانبەر بەم ستەمکاریە. بەڵام ناسیۆنالیزم بریتیە لە ئایدئۆلۆژیك کە تەمەنی پێکهاتن و گەشەکردنی بەقەدەر تەمەنی سەرهەڵدانی پێوەندیەکانی سەرمایەداری و سەرهەڵدانی دیاردەی نەتەوە یە. ناسیۆنالیزم، جیهانبینی، ستراتێژی سیاسی، فەرهەنگ و داب و نەریت و فەرهەنگ و هونەر و شێوەکاری خۆی بەرهەمهێناوە. لەسەر بنەمای ئایدئەلۆژی ناسیونالیستی حیزب و رێکخراوی سیاسی جوراوجور بیناکراون. ناسیونالیسم جیاوازیەکانی نەتەوەی خۆی لە گەل نەتەوەکانی دیکە بە پیرۆز دەزانێ و هەولدەدا بە پێداهەلکوتنیان هەستێکی خۆپەرەستی بجولێنێت و هێزی پێ کۆکاتەوە. بۆ ئەوەی بەو هێزە سنورەکانی نەتەوەی خۆی لە گەڵ نەتەوەکانی دیکە بپارێزێت. ئەو دەسەکەوتەکانی نەتەوەی خۆی بە بەشێك لە دەسکەوتێکی جیهانی پێناسە ناکات. هەر وەها بە بایخەوە چاو لە دەسکەوتی نەتەوەکانی دیکە ناکات. ئەو بیروبۆچونە وەلامی پیوستیەکانی سەردەمێکی دیاریکراو لە گەشەی نیزامی سەرمایەداری لەم وڵات و لە وڵات بوو. ئەو سەردەمەی کە سەرمایەداری دەبوایە بازاری ناوخۆی وڵاتەکەی لە دەستدرێژی سەرمایەدارانی دیکە بپارێزێت. ئەگەرچی ئیمرۆ لە ئاکامی جیهانی بونی نیزامی سەرمایەداری ئەو پێویستیە وا نەماوە، بەڵام ئاسەواری فکری و فەرهەنگی ئەو ئیدئۆلۆژیە لە سەر فکری ئینسانەکان ماوە.سیستەمی سەرمایەداری، ئەگەر خۆی سەردەمێك خولقینەری ئایدئولۆژی ناسیونالیسم بوو، لە رەوتی گەشە کردن و بەرەوپێشچونی دا تا رادەیەکی زۆر لە ئایدئۆلۆژی ناسیۆنالیزم دوور کەوتۆتەوە. ئەگەر سەرمایەداران رۆژگارێك ئامانجیان سنور دانان بۆ بازاری ناوخۆی وڵات بوو، ئەمرۆ ئەو سنورانە ئیتر بەرژەوەندی ئەوان ناپارێزن و بۆ ئەوان لەوە زیاتر پیرۆز نین. لە سەردەمی جیهانگیری سەرمایەداریدا چینی سەرمایەدار بەرژەوەندی خۆی لەوەدا نابینێ کەسنوورێك بەدەوری بازاڕی ناوخۆییدا بکێشێت. ئەم سنوورانە زیانی پێ دەگەیەنێت. هەر بۆیە لەپێناویدا،




ئارمانی ناسیۆنالیستی خۆی لەبیر دەباتەوەو خۆی لەگەڵ گۆڕانکاری بنەمای ئابووری خۆی رێکدەخات.حیزبە ناسیۆنالیستەکان بەحوکمی گۆڕانکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی لەچەند دەیەی رابردوودا، بە کردەوە خۆیان لەگەڵ مەیل و ئارەزوەکانی چینی سەرمایەداری کوردستان یەکخستووە. بەجێگەی ئەوەیکە لابردنی ستەمی نەتەوایەتی بەئامانجی خۆیان دابنێن، تەنیا بە بەدەستهێنانی بەشێك لەدەسەڵاتی محەللی، لەهەر رێگەیەکەوە کەبۆیان بکرێ، رەزایەت دەدەن.

بە نیسبەت ستەمی نەتەوایەتیش سەرەڕای ئەوەیکە ستەمێکە کە کەم و زۆر کار دەکاتە سەر هەموو چین و توویژەکانی کۆمەڵگا، بەڵام ئاکامەکانی بۆ هەموو چین و توویژەکانی کۆمەڵگادا وەکوو یەك نییە. ئەمرۆکە سەرمایەداران و خاوەنانی سەروەت لەکوردستان، ئەو بۆرۆکراتانەی کەخاوەنی پلەو پایەی بەرزی ئیدارین، لە ئاکامی ئەو ستەمەدا گۆشارێکی ئەوتۆ لەسەر ژیانی خۆیان هەست پێناکەن و تەنانەت قازانجی مادی خۆیان لەدرێژەی ئەو هەلومەرجەی ئێستادا دەبیننەوە و لە باشترین حالەتدا بە هێندێك ریفورمی بچوك رازین. بەڵام بۆ کرێکار و زەحمەتکێشی کورد چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوایەتی بەواتای، کۆتایی هێنان بە دەربەدەری و ماڵ بە کۆلی، بە واتای پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لەبارودۆخی ژیانی دایە. لابردنی ئەو ستەمە بۆ چینی دەستەەنگ و بێبەشی کۆمەڵگا بەواتای ژیانێکی ئابووری ئاسوودەتر و کەشوهەوایەکی سیاسی کراوەتر بۆ خۆی و ئاسۆی روون و داهاتوویەکی باشتر بۆ مندالەکانیەتی. ئەم راستیەیە کە هەلی کۆمەڵایەتی بۆ پەرەسەندنی نفوزی هێزی چەپ و رادیکاڵ لەکۆمەڵگای کوردستان رەخساندۆە. هەر بۆیە هێزێکی چەپ کە بناغەی کار و تێکۆشانی لە سەر سوسیالیسمی زانستی دامەزراندبێ زۆرتر لە ناسیونالیستەکان پابەندی خەبات لە پیناوی نەهێشتنی ستەمی نەتوایەتیە و لەم بوارەدا بە پێی سروشتی خۆی لەوان شیلگیرترە.

***

مالّپەڕە حیزبییەکان:

**پەیام سایتی سیاسی هەواڵنیری**
www.payaam.net
**حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
www.cpiran.net
**کومەلە:**
www.komalah.org
Instagram:
@Komalamedia
Telegram:
@Komalamedianetwork

دواستون

## خەمی خەڵوز فەقی، ڕەشی نییە، ڕەشنوێنییە

ن. سەلام قادری

ەوەی عادەتمان پێکردووە بینینی دانپێدانانی ژێر ئەشکەنجەیە بۆ ئەوەی قایلمان بکەن ئەوەی کە بڕیارە ئێعدام بکرێت خۆی بێزوو بە مەرگەوە دەکات، ئەویش بێزوو بە مردن لە ڕێگەی ئاوێزان بوون بە پەتی سێدارەوە؛ ڕەنگە کەسەکە بە زمانی خۆی بڵێ من تاوانەکەم کرد بۆ ئەوەی تامی ئەو بەربوونەوە بە پەتی موبارەکی سێدارەوە بچێژم و تەرمەکەم تۆزێک سواری بخوات. بڕوا بکەن ئەشکەنجە ئاوەهایە کەسەکە ڕاست و ڕەوان ڕوو دەکاتە کامێراکە و دەڵێت من ئاشقی جەلادەکەمم و سپاسی دەکەم بۆ ئەوەی خۆی خستووەتە زەحمەت و پەت لە ملی بەندەی نالایق دەکات. بەڵام ئەوەی کە ئەم ڕۆژانە تازە بوو دانپێدانانی جەنابی وەلی فەقی بوو بەوەی کە خودی خۆی بۆ دوژمن کار دەکات، ئەویش لە بەردەم کامێرا. دوو شت ئەم دانپێدانانەی ئاغای وەلی فەقی لەوانەی تر جیا دەکاتەوە، یەکەم ئەوەیە کە دڵنیایین لە ژێر ئەشکەنجەدا نەبووە و، دووهەم ئەوەی کە خودی زۆردار خەریکە دانی پێدادەنێت، نەوەک زۆر لێکراو. ئەوەیشی کە هاوبەشە لەگەڵ دانپێدانانی زۆرە ملیێ ناوەڕۆکی شێوە وڕێنەو سەیر و سەمەرەی قسەکانە. جەنابی باس لەوە دەکات کە «ئەوەی بێهیوایی بەرهەم بهێنێت کار بۆ دوژمن دەکات.» کەس ناتوانێ نکوڵی لەوە بکات بەرهەم هێنانی بێهیوایی وەکوو هەموو کاڵایەکیتر پێویستی بە ئیمکانیات و پێگە هەیە و لەم بابەتەوە کەس بە قەدەر زاتی موبارەکی ئاغای وەلی فەقی و بەرپرسەکانی حکومەتەکەی لەو هەلکەوتەیەدا نییە کە بتوانێت بێهیوایی بەرهەم بهێنێت. جا ئەگەر ئەم فەرزەی حەزرەتی ئاغا بکەینە بنەما کە دەفەرمێت « ئەوەی بێهیوایی بەرهەم بێنێت کار بۆ دوژمن دەکات» دەبێ خودی ڕستەکە بە دانپێدانانێکی وڕێنە ئاسای سوڵتانێک دابنێین کە دیلی دەبەنگی زاتێکی دیکتاتۆر و سەرمەستی تریاکی دەسەلاتەکەیەتی. ڕستەکانی دواتری (موعەزەموللە) لەوانەی پێشتریش سەرنجڕاکێشترە. قسەکانی ئاماژە بە خەڵکانێک دەکات کە گوایە ڕەشنوێنی لە بەیتی ئەبیەزی جەنابی و بارودۆخی وڵات دەکەن و سپی بە ڕەش دەنوێنن. حەک زوانی لاڵ بێت ئەوەی کە دان بەوەدا نەنێت ڕێک لەو کاتەدا هێزی کڕینی خەڵکتان لاواز کردووە، هێزێکی باڵای فرۆشتنتان پێ بەخشیون، کەی خەڵک ئەوەندە هێزی فرۆشی بووە کە گلێنەی چاو، هێلکەدان، سپێرم و ئێسک و پروسکی خۆی بفرۆشێت، حەک زوانی ئەوە لاڵ بێت نەڵێت ئەوەندە دڵسۆز بوون کە لە دەکەلی نەوتییەوە تا دوورگەکانی قیشم و کیش و پارێزگای خوزستانتان هەڕاج کرد بۆ چارەسەر کردنی دەردەکانمان، حەک زوانمان لاڵ بێت ئەگەر دان نەنێین بەوەی لە زەمانی تاغوتا ژێرزەمینمان بۆ بەکرێ دەگیرا، بەڵام لە زەمانەی دەسەڵاتە ئاسمانیکەی ئێوەدا ئێمەیش بووین بە باڵا نشین و دەتوانین سەربانەکان بەکرێ بگرین. دەبێ ئێمەیش بە جەنابی وەلی فەقی بڵێین ڕەنگە هێشتا برادەرانی قاچاخچی و مافیاکانی حیزبوڵلا بتوانن پارەتان بۆ بشۆنەوە و وەکوو دەڵێن پارەکانتان بۆ سپی بکەنەوە، بەڵام ئیتر شەریعتمەداری و بی بی سی و بازجوو هەواڵنێرەکانیشتان ناتوانن خۆتان سپی بکەنەوە. جا ئەگەر حەزرەتی ئاغا دەڕواننە ئاوێنەکە و دەبینن رووتان ڕەش بووە و خەڵوزی دەنوێنن بڕوا بە ئاوێنەکە بکەن و بزانن کە ئەوە ڕەشیەکەیە کە کێشەیە، نەوەک ڕەشنوێنەکانی خەیاڵی جەنابت، کە ئێرانی کردووە بەگەورەترین زیندانی هەواڵنێرە سەربەخۆکان. بە قەولی نیزامی گەنجەوی «چەوت مەبە،خۆ بشکێنە، نەوەک ئاوێنە». لە کۆتاییشدا و بۆ زاخاوی دڵ دەبێ وتەیەکی سەیدی خەندان بهێنمەوە کە ئەو ئیتر تەنزی تاڵ نییە و ڕاستی دڵخۆشکەرە. مووحەمەدی خاتەمی هوشداری ئەوەی داوە بە سەرانی ڕژێمەکەی کە ئەوان بۆ خۆیان خەریکی ڕووخاندنی خۆیانن. ئەمەیش بۆ ئێمە خەڵکی ڕۆژ ڕەشی ئێران کە بێسەبرانە چرکەژمێری بۆ ڕوخانی ئەم کۆماری موسیبەتە دەکەین ڕەنگە خۆشترین خەبەر بێت.